کتێبی تایبەت هەر بۆ ئەستێرەناسی تایبەتە.. یووسف ئیسماعیل

زۆرن ئەو کتێبانەی کە کەمێک وتە و دەقی زێڕین وەردەگێڕن و لەکتێبێکدا کۆی دەکەنەوە، بەڵام هەندێک جار وەرگێڕ تووشی کەمێک گرفت دەبێت کە لێی بە ئاگایە. کاتێک خوێنەر لەگەڵ دەقەکان بەرەو ڕوو دەبێت تووشی کێشەی تێنەگەیشتن یاخوت هەست بەوە دەکات دەقێکی کامڵ و واتادار نییە، بەم شێوەیە نووسەر دوای چاپ دەکەوێتە گوومانەوە.
کتێبی تایبەت کە لە دیزاینێکی جوانی تایبەت نەخشێنراوە و بە دوو سێت و پێنجا لاپەڕە کەوتۆتە دەستی خوێنەران و خۆشەویستانی ئەدەب. لەڕەدا نووسەر زانا خەلیل کە وەرگێڕانیکی تەڵ و تەسلی بە کردووە و هیچ دەقێکی لە وەرگێڕانی تەواو بە بەش نەکردووە، و دیزاینی ناوەوەی کتێبەکەی پێ بە پیستی دەقە زێندەکان داندراوە، کە پێکهاتووە لە بیست (٢٠) بەشی دەقی ئاڵتوونی کەسە ناشنبیر و هونەرمەندو فەیلەسوف و نووسەری بەناوبانگی جیهانی، نموونە: ئەڵمانی ، فەڕەنسی ، یۆنانی ، ئەمەریکی ، ئیرلەندی ،سکۆتلەندی … هتد.. هەر بەش تایبەتمەندی و بواری جیا جیا لە خۆ دەگرێت.
وەگەڕ تەواو کتێبەکەی ئامادەی دەستی خوێنەران کردووە. لە هەر بەشێکدا ناو و وێنەی کەسی و هێکەوتی لەدایکبوون و مردنی فەیلەسوف و بیرمەندەکەی تێدا باسکردووە، ورد بوونەوەی لەم کتێبە دەتوانن زۆر شت بەدی بکەن چونکە هەر دەقێک کە لەم ژیانە پۆیسە بیزانین و سەرنجی بخەینە سەر کە زۆر وشەی مانادار پێکدەهێنێت.
لە کتێبی تایبەتدا وەرگێڕ لە پێشکێشکەی دا بەرچاو ڕوونی دەدات بە خوێنەرانی و پاڵیان دەداتێ نەو دونیایەکی جیاواز کە لێبردەم وتە بۆنرخەکان بگەن و لە ژیانی ئێستادا بەرجەستەی بکەن.

هەندێک لە دەقەکانی کتێبی تایبەتدا…

• خەم لە کەسێک مەخە کە لە ناکاو
لەگەڵت دەگەڕێ
لەوانەیە وازی لە نواندن هێنابێ و
گەڕابێتەوە سەر کەسایەتی حەقیقی خۆی.

• بەدەنگێکی نزم چاک بکە
بۆیانی کارەکەت بە دەنگی بەرز قسە دەکات.

• خۆشەویستی وەک قاوە وایە؛
ئەگەر زیادەیی بکەی لە خواردنەوەی ناهێڵە بخەوی...

• زەردەخەنە وشیەکە
سەرتاکەی باوکە و کۆتاییەکەشی دایک..

• هاوکاریم مەکە،
بەڵام ئازاریشم مەدە.
کەت لێم بتەوە،
بەڵام وا هەڵسوکەوت مەکە
کە خۆشتدەوێم.
خۆشحاڵم مەکە،
بەڵام خۆشحاڵیشم لێتکەمەدە.

لەکتێبی تایبەت دا هەزارەها وتەی جوان و داڕژراوی تێدایە کە هەموو ژانرێک لە خۆیدا دەگرێت، تایبەت، تایبتە بە وتەی جوان و سەرسامکەر کە هەمیشە ئارەزووی ئەوەمان کردووە چەن دەقە گرینگەکانی ئەم فیلەسووف و زانایانە بدەست بهێنن، لێرەدا هەمووی کۆکراوەتەوە و لەبەردەستی خوێنەردا ئامادەیە. کتێبی تایبەت لە وەشانی دەزگای کولتوورە و چاپی یەکەمی لە ساڵی ٢٠٢٢ دەرچووە لە چاپخانەی تاران.

• سەرچاوە لە کتێبی تایبەتەوە.

درۆی دروشم.. ئەگەر خوا هەزاقە، ئەی بۆ هەژاری هەیە؟.. بەختیار محەمەد

گەورەترین درۆی دروشمی ئایینەکان ئەوەیە، کە دەڵێ خوا ئازیقە (ڕسقدەرە). وەك دەزانین، لە سەرانسەری دنیادا ملیۆنان مرۆڤ لە برسان دەمرن، کەچی خوا ڕسقیان نادا و تێریان ناکا (خۆ ئەوان کاریش دەکەن، ئەگەر کار هەبێ). هەر مرۆڤ نا، بەکو زۆربەی هەرە

زۆری ئاژەڵە بۆلانەکانی وەک سەگ و پشیلە لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بڕسین و هیچ نییە بیخۆن و خوا ڕۆزق و ڕۆزیان نادا… کەواتە ئەو درۆیە چییە، کە دەڵێ خوا ڕەزاقە؟

ڕاستییەکەی، ئەگەر مرۆڤ ئەو ڕۆزق و ڕۆزییە زۆرەی لەسەر ئەم گۆی زەوییە هەیە بە دادپەروەری دابەشی نەکا، ئەوا هەرگیز خوا ڕۆزقی کەس نادا (واتە ئەو هیچ دەخلی بەم مەوزوعەوە نییە).

لە قورئانیشدا لەم بارەیەوە هاتووە دەڵێ: ((أن الله هو الرزاق ذو القوة المتين)) (الذاريات: 56)؛ یان دەڵێ: ((الله خير الرازقين)) (الجمعة: 11)؛ یانیش لە ئایەتێکی دیکەدا دەڵێ: ((و ارزقنا و انت خير الرازقين)) (المائدة: 114). لە ئینجیلی مەتی ئیسحاحی (6) ئایەتی (25) و (26) یشدا هاتووە دەڵێ: ((لەبەر ئەوە پێتان دەڵێم: بایەخ بە بژێویتان مەدەن لەبارەی ئەوەی چی دەخۆن و چی دەخۆنەوە و لەشیشتان چ جل و بەرگێك دەپۆشن. ئایا ژیان لەوە زیاتر نییە، کە تەنها خۆراك بێ و لەشیش لەوە زیاتر نییە، کە تەنها جلپۆشین بێ؟ لە باڵندەی ئاسمان بنڕوانن! ئەو نە گەنم دەچێنێ و نە دەیدووڕێتەوە و نە لە سایلۆش عەنباری دەکا، بەڵام باوکی ئاسمانییمان ڕسقی دەدا. ئایا ئێوە زۆر لەو باشتر نین؟))… ئەم ئایەتانە هیچیان لە واقیعی برسیەتی ملیۆنان مرۆڤ و گیانلەبەر کەم نەکردووەتەوە و کەسیان لەووی جەستەوە تۆر و پێ نەکردووە… گەڵێ، خۆ من ئەوەش دەزانم، کە ئەم گوتە و دروشمە ئایینییانە بۆ ڕۆح (ڕۆحی ئیماندار) سوودبەخشن و ئارامی و شادی و وەرەبەرزیی بە ڕۆح دەبەخشن، بەڵام ناکرێ لەسەر بنەمای واقیع و لۆژیك باسی ڕاستییەکان نەکەین، ئەو ڕاستییانەی، کە یەقینی ئیمان تووشی شك دەکەن. هەربۆیەشە ڕاستی و زانین، کە سەرچاوەی گومانن لە هەموو شتێك، تەنانەت گومان لە ڕاستی و زانین خۆشیان، مایەی نیگەرانی و دڵەاوکێن. ئیمان بۆیە خۆشە، چونکە یەقینی تێدایە: یەقینی بێ پرسیار و بێ گومان؛ بەڵام بێ ئیمانی و ئیلحاد بۆیە ناخۆشن، چونکە پڕن لە گومان و لە پرسیار: گومان و پرسیاری عەقڵانی لە هەموو یەقینەکان. ئا لەرەوە عەقڵ تا پرسیار و گومان نەکا، کەواتە عەقڵێکی ئازاد نییە. ئا لەرەشەوەیە، کە عەقڵ لەگەڵ ئایین دەکەوێتە ملانێ و ناکۆکییەوە: ئایین ئیمان و یەقینی دەوێ، بەڵام عەقڵ پرسیار و گومانی دەوێ؛ ئایین وەهمەکان دەکاتە ڕاستی، بەڵام عەقڵ دەیەوێ ئەم وەهمانە تێك بشکێنێ. ئەو کاتەشی، کە عەقڵ یەقینی دین و ئیمان بەجێ دێڵێ، ئا ئەو کاتە عەقڵ دووچاری خەمۆکی و دڵەاوکێ دەبێ، بەڵام خەمۆکی و دڵەاوکێیەك، کە خاوەنی پڕۆژەی پرسیارە و بە دوای زانین و

مەعریفەدا عەبدا و وە.

بەختیار محەمەد

کاروباری وشە.. نەژاد عزیز سورم

وا پەدەچ -کاروباری وشە- لەناو هەراو ژاوەژاوی کاروبارەکانی تردا خەریکە ون دەب .. هەنووکە و هەنووکەیی و حاڵی حازر و – من خۆم و ئەوانیتر ب دڵەخ- لە بارودۆخکی وەك ئەمڕدا ـــ بجگە لە کاتی پۆیست ـــ یا ب تەواوکردنی ویقاری ئەوانەی بە کاروباری تڕەوە خەریکن ، وا دەرناکەو وشە ئەو بەها و نرخەی لا ماب پۆیستە هەیب یا بەلانی کەمەوە ئەوەندەی ئەوانە تی دەگەن بەکاروباری وشەوە خەریکن..

- بازا و پیشانگاکانی کتب لەم چەند ساەی دواییدا بەدەر لە هەند هکاری بابەتیی دیکە ئەوەیان یەکلایی کردووەتەوە -
□□□

لەرەدایە کاممان بیکەین و چۆن و لە چ هەل و مەرجێك و کامە کاودان دا .
تۆ بڵێی – وشە – ئەوەندە نەهێنێ ؟

□□□□□

بۆ بەدەنگی لە کۆبیسی عەلی سیاسی کراوە؟.. عوسمانی حاجی مارف

سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٥ ی نیسانی ٢٠٢٣، هێزێکی چەکدار هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی عەلی مەحمود و دەستبەسەریان کرد. تائێستا لە زیندانداین‌و هیچ زانیارێک لەسەر چارەنوس و دادگایەکەی ئاشکرا نەکراوە. دوای چەند کاتژمێرێکیش لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە و دەربڕینی ناڕەزایەتی لەلایەن ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازانەوە، وتەبێژی ئاسایشی هەولێر پاساوی بۆ زیندانیکردنەکەی بەوە ڕاگەیاند، گوایە عەلی مەحمود داوەی تاوانبارێکیداوە و ئاسایشیش بەو ''تاوانە'' ناوبراویان دەستگیرکردووە! لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی فیدیۆیەکەوە کە ئاسایش ئامادەی کردوە، ووتە لە عەلی مەحمود وەرگیراوە کە دان بەوەدا دانێت، کەسێکی داوەتەداوە!.
ئەم سیناریۆیە هەرچیەک و هەرچۆنێک بێت، دروست یا نادروست، ئەوە دەگەیەنێت کە تەمەتبارکردنی عەلی مەحمود بە تاوانێکی لەو چێشنە، مانای ئەوە نیە، کە تا ئێستا هیچ هەواڵێک دەربارەی زیندانیکردن و لێکۆڵینەوەو ووتە وەرگرتنی و ئاکامی دادگایکردنی نزانین و نابێت ئاگادرنەبین، بۆچی ئەم کۆبیسە دەبێت وەها شاراوەو نهێنی بێت؟، بە فەرامۆش کراوەو بەدەنگی لێکراوە؟، بۆتایبەتی ڕۆخنەو ناڕەزایەتیەکی بەرفراون لە بەرامبەر ئەم کۆبیسە دەنگدانەوەی هەیە، کەمپینی ئازادکردنی عەلی سیاسی بۆتە خواستێکی جدی و دەسزانی ئازادی خوازن.
دەبوایە ئاسایش و دادگا لەلایەک زۆر شەفافانەو ئاشکرا مامەڵەی ئەم

کەیس بکەن و بەردەوام ەای گشتی ئاگادارکەنەوە، لەلایەکی ترەوە هەچ پەیوست بوو ناکات کە عەلی لەسەر تەمەتەکی لەم چشنە دەستبەسەربەت و لە زیندانەدا ەایگرن، پەم وایە تەواوی ئازادیخوازان گرەنتی ئەوە ئەدەن کە هەرکات پەیوست کات عەلی مەحمود لەبەردەم دادگادا ئامادە دەبەت.
بەیە جەری مامەی ئاسایشی پارتی لە هەولەر، لەسەر ئەم کەیسە تەواوی ئازادیخوازان دەخاتە سەر پەداگری ئەوەی کە ئەم کەیسە ئەشە سیناریەیکی دروستکراوبەت، لەلایەکی تریشەوە مەسەلەکە بە سیاسی کراوە، گەر تاوانکیش رویدابەت.
لە هەر حاەەتەکدا، ئەوە خواستی ەای گشتی ئازادی خوازانە کە داوای ئازادکردنی دەستبەجەی عەلی مەحمود دەکەن. واتە پەیوستە ئاسایش و دادگای هەولەرو بەرپرسانی پارتی بە جدی بەدەنگ ئەم خواستەوە بەن، پەیوستە دەستبەجە عەلی ئازادکەن، لە هەمان کاتدا وردەکاریەکانی بەدواداچون و لەکەینەوە لەم کەیسە، ەەژانە بە ئاشکرا ەابگەیەنن و ەای گشتی ئاگادار کەن، نەکردنی ئەم کارە نابەرپرسیاریەتیەکی ئاینسانی و بەەزیەکی زەر نابەجە و ئاشکرای ئاسایش و حکومەت و بەرپرسانی پارتی و دادگای هەولەر دەگەیەنەت، کە بەرامبەر ئازادیخوازانی کوردستان پیادەی دەکەن.
ئازادی بە عەلی مەحمود

پەگەی ەەکخراوە کرەکارییەکان، پەشهاتەکان سالی ١٤٠١ پەگەی ەەکخراوە کرەکارییەکان، داواکاری و خەباتگرییان – جەعفەر عەزیمزادە

وەرگەانی بە کوردی: کاوە عومەر

١٣ی ئەردیبەهەشت ١٤٠٢

ئەم دیمانەیە لە ماڵپەڕی فاسی هەواڵی ڕۆژ وەرگیراوە

ئەم جاڕنامە و بیرکانە کە بە تێپەڕاندنی بارودۆخی ئێستای وڵات پێشنیار دەکرێن بنەمایەکی ماددییان هەیە. جا چ ئەو بیرکانەی کە لەگەڵ گواستنەوەی ناشەرعیانەدا دەگونجێن، یان ئەو بیرکانەی لەسەر بنەمای هاپەیمان و شەڕش خەیان پێناسە دەکەن، یان ئەو جاڕنامە و بیرکانەی کە ژیان و مانەوەی خەیان لە گەڕەپانی پێشهاتە سیاسییەکانی وڵات و دەستگرتن بە دەسەڵاتدا دەبینێنەوە ، لە بەندو بەست کردن لەگەڵ تاڵانچی و تاوانبارانی نەودەوڵەتی. بنەمای ماددی هەموو ئەمانە، سیمرغی پێشهاتەکی گەورەیە کە بەسەر کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێراندا دەفڕێ و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە سیاسییەکانی کەکردەتەوە بە ئەوەی داهاتووی وڵات لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیان دابڕێژن.
ئێران فەردا: جەعفەر عەزیم زادە، کرێکاری خانەنشین و سکرتێری یەکیەتیی ئازادی کرێکارانی ئێران، یەکێک لە و خەبات کارە ماندوونەناسانەی کەمپەینگەی کرێکاریی ئێرانە. ئەزموونی کارکردنی لە کارگە و پڕۆژەی پیشەسازی جەراوجەردا هەیە. جگە لەوەش وەک کرێکارێکی خەمخۆر و پابەند هەنگاوی کاریگەرانەی ناوە لە پێناو جەبەجێکردنی داواکاری کرێکاران. عەزیم زادە یەکێک لە دامەزرێنەرانی کەمیتەی بەدواداچوون بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی کرێکاری ئازاد و یەکێتی سەرتاسەری کرێکارانی دەرکراو و بێکار بوو کە دواتر ناوی گۆڕدرا بۆ یەکێتی ئازادی کرێکارانی ئێران. هه روه ها ئه زموونی چه ند ده یه ی چالاکیيه کانی له شۆوه ی چالاکی جۆراو جۆر له گه ڵ کرێکاران و ئه و که سانه ی هەگر و خه مخۆری چینی کرێکاری ئێران به شداری کردووه . جگە لەوەش ساڵانێکی زۆرە لە مانگرتنە جۆراوجۆرەکاندا چالاکانە لە جەبەجێکردنی داواکارییەکانی کەمپەینگەی کرێکاریدا بەشدار بووە و بەهۆی ئەمەوە چەندین جار تامی گرتن و زیندانی کردووە. بەڵام هەمیشە پەداگری لەسەر بیروباوەڕی خۆی کردووە و بە ئیرادەیەکی پتەوە دەنگی کرێکاران بووە و لەسەر مافەکانیان قسەی کردووە و بەردەوامە.
وەک هەڵسوڕاوێکی کرێکاری هەڵسەنگاندنت بۆ پێشهاتەکانی ساڵی ڕابردوو چییە و چ دیدگایەکی کورتخایەن یان درێژخایەن بۆ داهاتوو پێشبینی دەکەیت؟
ئەو پێشهاتانەی لە مانگی شەهریوەری ساڵی ڕابردوو لە ئێران دەستیان پێکردووە و تا ئێستاش زیندوو و دینامیکین، پێشهاتە سەر ڕاستەکان کە حکومەتیان لە هەموو لایەنەکانی بوونی خۆیدا

گیاندووەتە ئاستەنگێکی یەکلاکەرەوە. بە بۆچوونی من ئەم دوو بابەتە شایستەی کەمتر و خاڵێکی ئاڕاستەوە بۆ تەواوی هەڵوەرجی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی زاڵە بەسەر وڵاتدا.
سەرەڕای ئەوەی کە هاپەیمانێتی نەتەوەیی هەشت مانگی ڕابردوو بۆ ماوەی دوو سێ مانگ گەرمی سەرەتایی خۆی لەدەستداوە، بەڵام ئەو هەلومەرجەی کە لە دوای ئەم هاپەیمانێتیەوە لە وڵاتدا پەڕەی سەندووە ناتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ ساڵی ١٤٠١. بۆ هەکارێ سادەیەی کە هەموو ئەو هەکارانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی مانگی شەهریوەر و پەش ئۆڕش بووە هۆی سەرهەڵدانی ٧٨ و ٨٨ و ٩٦ و ٩٨ نەک هەر لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە بەڵکو چڕتر بوونەتەوە.
کەماری ئیسلامی تەواوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆی وەک حکومەت بە شێوەیەکی بە وێنە لەدەست داوە. دەبینیت لە کاتی قسەکردن لەسەر حکومەتێک، پێش هەموو شتێک سەرنجی گشتی بەرەو لای هێزی سێ یانە و ئەرگانی سەربازی و ئەم شتانە دەکات، لە کاتێکدا حکومەتێکی تەقلیدی پێکدێت لە پێکهاتەیەکی ئابووری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە حکومەت هاتنە ئاراوە، دەسەڵاتی سیاسیی ئەم پێکهاتانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر بنیات نراوە. بە واتایەکی تر، هەموو حکومەتێکی ئاسایی لە هەموو قۆناغێکی مێژوویيدا، لانیکەم لە پەیوەندییەکی ئەرگانیکی هێژیيدایە لەگەڵ پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا حوکم دەکات. کەماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆرە پێکهاتەیەکی وای تێدا نییە و هەر لەبەر ئەم هەکارەش تا ئێستا بە سەرکوت و خنکاندن ماوەتەوە. ئایا شێوازی ئێستای کەماری ئیسلامی بە درێژدان و چەکردنەوەی سەرکوت و خنکاندن دەتوانێت تەنانەت بە ماوەی مامناوەندیش بیپارێزێت؟ بە بۆچوونی من وەڵامی ئەم پرسیارە نەرێنییە، چونکە کەماری ئیسلامی بە هەی ئەو قەیرانە کۆنکرێتبووە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتییەوە هێندێگرتووە، هێندێ ئیفلیج بووە کە تەنانەت توانای بەڕێوەبردنی کارگەیەکیشی نییە بەبێ قەیرانێ نییە، لە لایەکی دیکەوە بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی ٤٥ ساڵی ڕابردوو وەک دایکێک تەوی گۆشتەندووی شڵەژێکی کۆمەڵایەتی گەورەی پەروەردە کردووە.
وەک دەرەنجامێک، لە وەڵامی پرسیارەکەتدا، دەبێ بڵێم کە ئەوان لە پرسەی شڵەژێکی گەورەی کۆمەڵایەتیدایە و سەرهەڵدانی هەشت مانگی ڕابردووش نوکی شاخی سەهۆڵبەنی ئەم شڵەژێیە، کە نیشانەی گۆڕانکاری بنەڕەتی و مەزنی مێژوویی دەبێت لە ئەراندا. بە بۆچوونی من ئەم شڵەژە دەبێتە سەرەتای لاپەڕەیەکی نوێی مێژوویی لە ئەراندا، کە لەکچوونێکی بەرچاوی لەگەڵ قۆناغەکانی ڕابردوو و ئێستادا نابێت و

سروشتییە کە لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکی وەها گەورەدا، زۆرێک لە کلتور و سیاسەتە هزرییە نەریتییەکان و تەکنیکانی هەتا ئێستاش پڕاوێز دەخرێن.و لەگەڵ مەیداندار بوون و کاریگەرییە قووڵەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە گەورەکان لە ئێراندا، کە هەرگیز بەو ئادەیە لە گۆشەکردن و پەگەیشتن و فراوانبوونداە نەبووون، نە لە سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ و نە پێش ئەوە، بەهرەمەندی نەریتە سیاسیی-خەباتکارانە و بەچون و بیرکردنەوە ڕەخنەگراوەی نوێ و پێکدێن، ئەمانە کەمترین پێکهاتەکانی ڕەوتی پێشهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانن.
پەگەی ڕەخنەگراوە کرێکارییەکان لە پێشهاتەکانی ئەم دواییەی ئێراندا چەن هەدەسەنگێنن؟ ئایا سەرکەوتوو بوون لە گەیشتن بە ئامانج و داخوازییەکانی چینی کرێکاردا؟
کاریگەیییە کانی هە دامە زراوە و ڕەخنەگراوەکی کرێکاری لە ئێران بە پێی کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر بارودۆخی کار و بارودۆخی ژیانی چینی کرێکار حوکم نادرێت. ئەمە ئێرانە و لە ئەنجامی سەرکوت و خنکاندن و قەدەغەکردنی زۆرەملێی بوونی ڕەخنەگراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان، هیچ ڕەخنەگراوەکی سەربەخۆ نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئاسایی، وەک خۆی، بچێتە ناو میتابۆلیزمی بارودۆخی کارکردن و ژیانی کرێکاران لە ناوچەکانی تری جیهان بوونی هەیە. بە ڕام لە هەر شوێنێک ئە و ڕەخنەگراوانە لە نێو کرێکاراندا کاریگەرییان هەبووبێت و توانیویانە لە نزیکەوە لە مانگرتنەکانی کرێکاریدا ئامادە بن، ڕەنگە کی گرنگیان هە بووە لە گە یشتن بە خواستەکانیان. بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ کەمترین حەقدەست و بابەتەکانی وەک گرێبەستی کاتی کە لە سەرەتای نەوەدەکاندا هەمەتی گرنگ و گەورەیان دەستپێکرد و بە شێوەیەکی کاریگەر بووە هەی ئەوەی کە ئەو بابەتانە بە تێپەڕبوونی کات ببنە ناوەندی قورسایی داواکاری کرێکاران. هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە مافی کرێکاران بە دامەزراندنی ڕەخنەگراوی سەربەخۆی کرێکاری و ئاشکراکردنی سیاسەتی دژە کرێکاری ماڵ (خانە)ی کرێکار بابەتێکی دیکەی سەرەکی و گرنگ بوون کە ئەو ڕەخنەگراوانە سەرکەوتوو بوون لە بەاوکردنەوەی لە نێو کرێکاراندا.
بەڵام هێشتا ناتوانرێت بگوترێ ئەم ڕەخنەگراوانە توانیویانە هەرشی حکومەت و خاوەنکارەکان بە سەر بارودۆخی کار و ژیانی کرێکاران ڕابگرن. نەک هەر نەیانتوانیوە بوەستێنن، بەڵکو سەرەڕای ئەو خەبات و ململانێی ڕەژانە کە هەم ئەم ڕەخنەگراوانە و هەم کرێکاران لە ناوەندە جەراوجەرەکانی بەرهەمهێناندا کردوویانە و ئەو تێچوو قورسانەی کە بەیان داوە، کەماری ئیسلامی سەرکەوتوو بووە لە

کۆتاییهێنان بۆ هەلومەرجێ دژخیەتیی کۆ ئەمڕۆ ، دەیبینین بەسەر چینی کرێکاردا دەسەپێنێت.
هەر لەبەر ئەم هۆکارە، پەموایە پێشی ئەم بزووتنەوانە لە میتابۆلیزمی چینی کرێکاردا دەبێ بە شێوەیەکی سەرەکی لە کاریگەریێ کەمایەتی و مڕووییەکانیاندا هەڵسەنگێندرێت. لەم ڕوانگەیەوە دەبێ بەم ئەم کاریگەریانە زەر قووڵ و گەورە بوون. لە ئەنجامی بوونی ئەو بزووتنەوانە و کەمبوونی سەرکردەی کرێکاری لە شوێنی کار و هەروەها بزووتنەوەی چەپەکان، لە پێسەیەکی بیست ساڵدا لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، کە مانگرتن جگە لە قەدەغەکردن بە حەرام دادەنرا، ئێران بوو بە پایتەختی... مانگرتنی کرێکاران لەسەر ئاستی جیهانی.بۆتە و چینی کرێکار گەیشتووەتە پگەیشتنێکی وا لە هەندێکی جەماوەریدا کە بەڵای من وەک هەزێکی کەمایەتی زۆبەڵاح و لە خوارەوە و بە ئاگادارییەوە و بزووتنەوەی چەپ لە پشهاتەکانی ئێستادا بە یەکەمجار لە مێژووی... ئێران لە داشتنی داهاتووی سیاسی وڵات بزووتنەوەیەکی یەکلاکەرەوە دەگەڕێت. ئەمش بە مانای نکۆڵیکردن یان کەمکردنەوەی ڕۆڵی کرێکاران لە شۆڕشی ۱۳۵۷ یان دژیان ساڵ پێش ئەوە نییە. بەڵکو ئەم خاڵە "بە یەکەمجار" لەو ڕوانگەیەوە بەکارهێنم کە لە سەردەمی شۆڕشی ۱۳۵۷ یان قۆناغەکانی پێش ئەودا، ئەمە شاهیدی بزووتنەوەیەکی گەورەی داواکاری کرێکاری نەبووین کە شۆڕشێکی وەک شۆڕشی ۱۳۵۷ شۆڕی خەی لەسەر شانەکانی خەی وەربگرێت. بەڵکو هەر ئەم پارت و بزووتنەوە سیاسیانە بوون کە لە ئەنجامی کاریگەریێ جیهانییەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لەسەر بنەمای پگەی پکهاتن و گۆڕەی سەرەتایی چینی کرێکار، ئایدیالی کرێکارییان بەدوادا هەنا. لە ڕاستیدا تەنانەت ئەوە نەبووە کە ئەو حیزب و بزووتنەوانە لەسەر شانی بوونی بزووتنەوەیەکی کرێکاری گەورە و کەمایەتی پک هاتبن. بەڵام ئێستا دەخەکە زەر جیاوازە و چینی کرێکاری ئێران چینێکی کەمایەتی گەورەیە کە لەسەر بنەمای پگەی خەی لە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و دزکردنی پێوەندییەکانی لە پێکهاتی زیانی کەمایەتی و ئابووری-سیاسی کەمگادا دامەزراوە و لەوەش گرنگتر، سەرهەدان و بابەتیکردنی ململانێکان لە چەند دەیی ڕابردووەدا بزووتنەوەی چینایەتی بووەتە بزووتنەوەیەکی هێندە گەورە کە دەتوانێت بە شێوەیەکی هۆشیارانە و بزووتنەوەیەکی مێژووییە لە پشهاتە سیاسییەکانی ئێستا و داهاتووی وڵاتدا بگەڕێت.
چەن دەتوانرێت لەو ژینگە مەترسیدارەی ئەمەدا خەڵاگری بزووتنەوە پیشەییە-مەدەنییەکان زیاد بکرێت؟ ئایا بزووتنەوە کرێکارییەکان پلانێکیان بەم ئاراستەیە هەیە؟
سەیرکەن بە هەی دەخی پشەوی سیاسی وڵات و لانیکەم لەم بارودۆخی

ئستادا ناتوانرت وشانکی پراکتیکی و گشتی بخرتة سر مز بة
خاگری سندیکاکان و کخراوة مدنییکان. ئم کخراوانة لة
سرتای دامزراندنیانوة تووشی توندترین و ئیفلیجکرترین هرشی
حکومت و دامودزگا ئمنیکانی بوون، لگة ئوشدا وک بینیمان
نک هر تا ئمة برگیان گرتووة، بکو کی گرنگیان هبووة
لة شکاندنی بربستی سرکوتکردن و خنکاندن. لة استیدا بو پیی
ئم کخراوانة لة بنوة لسر بنمای هلومرجی بابتیی هبوو و
پویستی گانکاری کمایتی و سیاسی لة قناغی ئستای وادا
پکهاتبوون، تنانت بة درژای هلومرجی ئستاش، بة بوای من
ناتوانرت سركوت بکرن یان لناوببرن یان تکبشکنرن.
هرچندة لة هندک کادا هوراز و نشو هبووة وک تا ئستا و
ئگر دخی ئستا بردوام بت، همان شت دبت.
بم مانایة دبة بم باشترة باس لة چنیتی و پسای
بروپشبردن و سرفرازی یان نبوونی پشخستنی و سرفرازی و
پکهنانی برفراوانی دامزراوی یکتی، مدنی و سیاسی لة
ئراندا، بة لبرچاوگرتنی بارودخی سیاسی وات بکرت. بای من
ئو اپینة سرتاسریی کة لة مانگی ئیلولی مانگی ابردوو
دستی پکرد، بو پیی حکومت سرکوتوو نبووة لة سرکوتکردنی
تواوتی ئم اپینة و گاندنوی بارودخی کمایتی و
سیاسی وات بة تینی پشوو و لة لایکی تریشوة بة ناسکترین شوة
قناغی ژیان. لة خیدایة و چیتر توانای کنترکردنی تنانت بة
بایخترین قیرانة ئابووری و کمایتی-سیاسی و کولتووریکانی
نییة، ئم اپینة ناکوزتوة و ئگری ئوة هیة لة ماویکی
کورتدا زر زیاتر دست پبکات بهزتر لة پشوو بتدرژوة.
بة مانایکی تر دبة بم کة ئمة لة دخکی درژخایةن و تنانت
تادیک بردوامدا نین بة ئوی چارسرکی گشتی و تینیمان
هبت بة خاگری سندیکاکان و کخراوة مدنییکان لم دخة
مترسیدارای ئستادا. سروشتییة کة لة ژر هلومرجکی وادا،
هموو کخراو و دامزراوة و بازنیک، بة پی ووکردنوة و
شیکردنوی بارودخی سیاسی ئستا، سیاستی خاگری و گانی
لة چوارچوی پشهاتکانی ئستادا هبت.
بگومان پویستة جخت لوة بکموة کة بو پیی لة ماوی بیست
سای ابردوودا سندیکای کرکاری و کخراوة مدنییکان لة
بارودخکی سخت و دوو فاکتییدا پکهنراون و لة بنتدا بهی
سرکوتی توندوة نیانتوانیوة ببنة سندیکای کرکاری و کخراوی
مدنیی ئاسایی، لگة کوتی پشهاتکانی ئراندا.هروها
گانکاری گوریان بسردا دت و زربیان ناتوانن لة چوارچوی

پشهاتکانی ئستا و هاوسنگی هزی سیاسییکان کی بردوام دروست دبن، هروک هلومرجی نو کی دروست دبت، لانیکم بو فرم و وننیی کی تا ئستا بوون. چند لو کخراوان لی ماوی ئم قناغدا و لی کتاییدا بوونیان لدست ددن و چندی تریش سرهددن و گشی دکن شتکی کی پشهاتکانی داهاتوو وامان ددنو.
به ام ئه وه ی ووونه له درژه ی پشهاته کانی ئستا و به ه وپشچوونی بزوتنوی ششگانی خکدا ووبه ووی پکهنانی به ربهاوی سه ندیکای کرکاری ناوخیی و سرتاسری و کخراو و دامه زراوه مه ده نی و سیاسییه کان له سه ر بنه مای ئه و بزوتنه وه کمه ایه تییه گه وره یه ی له ئاماده بووندا ده بینه وه دیمنی پشهاتی سیاسییکانی ئران، ئو بوو کی کاریگریی یکلاکرویان لسر داشتنی پکهاتی سیاسی، ئابووری و کمایتییکانی وات دبت.
بهای ئم دخی ناسقامگیری و بیرکی قربوو نکردنوی پکهاتی هبوو، بیرکی گواستنو لی کمگادا پشنیار کراو. لم دوایینداا لم پوندییدا باسی جراوجر بی شوی جیاجیا خراوتوو. تنانت نوسخی پشکش کراو و جانام نووسراو. شیکاری ئو بی ئم پلان و بیرکی و گفتوگی و ونوسخکان و جانامکان چیی؟
نازانم مبستت لی گواستنو چیی؟ ئایا ئو ئویی کی کمک هزی کمایتی لبردم "شش"دا دیخنی بردم خک یان مبستت گواستنو، بی وریاییو ئم وشیی بکاردهنن بی دربینی درئنجامی اپینی جماوریکان.
بام باش من پم وایی ئمی لی ئراندا ووبووی ششکی کمایتی و مژوویی گورو دبینو، دوای ئو (هرچند قناغی ئستا درژی بکشت) ئران و ناوچی ژهاتی ناواست گانکاریی گورو و نگاوی بسردا دت. بم مانیی دموت بم ئم جانام و بیرکانی کی بی تپاندنی بارودخی ئستای وات پشنیار دکرن بنمایکی ماددییان هی. جا چ ئو بیرکانی کی لگا گواستنوی ناشگانداا دگونجن، یان ئو بیرکانی لسر بنمای اپین و شش خیان پناس دکن، یان ئو جانام و بیرکانی کی ژیان و مانوی خیان لی گپانی پشهاتی سیاسییکانی وات و دستگرتن بی دساتدا دبینو، لی گان بدوای سات وسدا لگا تانچی و تاوانبارانی نودوتیدا.
بنمای ماددی هموو ئمانی، سیمورغی ئاوگکی گوریی کی بسر

کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەراندا هەڤیو و چین و تۆژە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە سیاسییەکانی کەکردەتوە بە داشتنی داهاتووی وەات لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە چینایەتییەکانیان.
بەڵاستی شەش دیاردەیەکە کە لە ئەنجامی ململانێ تونديکۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئابووقە سیاسییەکان لە کۆمەڵگایەکدا ڕووەدات، بە چارەسەرکردن یان خۆگونجاندن و کەمکردنەویان لە ناخ و بەستێنی ئەو کۆمەڵگایەو و بە دروستکردنی درزێک لەو چەقبەستوویەی کە تەواوی پێکهاتە سیاسییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گرتەتەو، چووەتە قەناغێکی ململانێی گەورە و ژەروژورکەر و دووبارە پێناسەکردنەوەی پێکهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکان و لەسەر ئەم بنەمایە هێزە چینایەتی و کۆمەڵایەتییە دژبەیەکەکان هەریەکەیان ئاسۆ و بەدیلێکی سیاسی خۆیان هەیە. لەبەردەم کۆمەڵگادا وەستاون. لەسەر بنەمای ئەمە، بڕاوبونەو و لەدایک بوونی جانامە لە هەلومەرجی ئێستای وڵاتدا، نێک تەنیا بیرکەیەک، بەڵکو بە بڕشکە لە سەرهەڵدان و شەقام و پرسی ماددی دیاریکردنی ئەرکە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی-فەرهەنگییەکانی پێشکەوتنی وەات، و من بە وەسوەسەیکی تایبەتەو بەدوای هەموویاندا دەگەڕم، ڕوونە کە وەک کرێکار و چالاکوانێکی کرێکاری، لەگەڵ جانامەی کەمترین داواکارییەکانی ٢٠ سەندیکا و ڕێکخراوی مەدەنیدا هاوڕا و هاوەڵم وەک بەدیلێک لەناو دلی بزووتنەوەی شەڕشگێڕانەی گەلی ئەراندا سەیری دەکەم.
لە هەمان کاتدا پێویستە جەخت لەوە بکەمەو کە لەگەڵ پێشکەوتنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لە ئێران و دەرئەنجامەکانی تا ئادەی نکۆلیکردنی سەرخانی سیاسی دامەزراو، چین و پێکهاتەکۆمەڵایەتییەکان و هێزە سیاسییەکانی هاوتا لەگەڵ ئەو چین و پێکهاتە کۆمەڵایەتیانە چوونە ناو دەخێکی تاادەیەک درێژخایەن ململانێ لەگەڵ یەکتردا بکەن بە دیاریکردنی ئەرکەکە، ئایندەی سیاسی وەات کاریگەری دەبێت لەسەر بوونی چینی کرێکار و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە گەڵپانی پێشهاتەکاندا.
بە هەوای مەهدی زەمانی

حوکمڕانی ئتحاد تۆرکیقیی ۱۹۰۸-۱۹۸۰ شەری سەربەخۆیی ۱۹۱۹-۱۹۲۲.. بەیان خالید محمد

جمعیەتی ئتحاد . تۆرکیقیی لەدەسەڵات . چارنووسی گەنجیە تورکەکان کە چالاکی سەرکی و وبەردەوامیان
بریتیبوو لە وەی لەناو چاپەمەنیە زۆرو زەوەندکاندا بخنە لە ئمپراتۆریەتی عوسمانی بگرن. ئەم سیاسەتە لە تەموزی ۱۹۰۸وەختایک باندکی بچووکی ئەفسەرانی گەنجی یاخی بوون. دوای روخانی ئیمپراتۆریا لەسەر دوو تەوەرە کاری دەکرد یەکتی ئاشتوو سەسیالستی دروست کرد دوای مردنی لە ٥نیسانی ۱۸۸۲قوتابخانەکی روناکبیری لە دوای خۆیەوە بە جێهشت کە تۆرخانی زانستە کەماتیەکان کرابوو. ئەوان خۆیان زیاتر وەک مەفرەزەی گەریلا دەبینی کە ئامانجیان بەرگری کردن بووە لە نشتیمان سوتان پشکا لە ۲۳تەموز ڕگەی بە گرانەوەی گەنجە تورکەکان دا دەسەوجی دووەم دەستوری پاشایەتیە وەک جاردانی حورمەت تەماشا کرا لە ۲٤تەموز تەواوی شارە گورەکانی ئیمپراتۆریا برایەتیان بە خۆە بینی تۆرقی ڕخراوی سەرکی گەنجینە تورکەکان بە نزیکەی تا نەمان هەموو لاوەزیەکانی پلورالیزمی عوسمانی لەناو برد کەمالەی ئحتاد تۆرقی بتەواوی خەی لەگەڵ تورکیزم دەناسیتەوە . لە ئانجامدا ناتوانی بیرکەی دەسەلات لە دەسەلاتداران لە ڕگەی یاری هەلبژاردنەوە قبول بکەت.
هاوکات لەگەڵ خۆ گەیەنی بەربەری بە پارتی تاقانە کمیتە تا دەهات زیاتر ئاشکرا تر دەبوو بە زمان حاڵی ناسیۆ نالزمی تورک ئەم پڕسەندنە وا بەدیار دەکەوە پارادکسال بیت بتایبەت لەسەر ئەو هاوبەندی لەگەڵ ڕکخراوی سەرکی ئەرمەنکان تاشانک)کمیتەی شۆرشگێری ئەرمەن (هەیبوو کە هەتا دوای ئاشوبکانی ئەدەنی ۱۹نیسانی ۱۹۰۹ کە قوربانیکان زیتر ئەرمەن بوون کە ڕخراوی ناوخۆی کمیتە بە دکتۆر نازم سپەردا نهادین شاکر سپەردرا کە هەردوکیان روانگەی بانتور ا نزمیان هەبوو بهان شەوە ڕکخراوەکە ژمارەک روناکبیری ناسیۆنالیستی بەدەر بوو وە کەمەی)نیشتیمانی تورک ۱۹۱۱دامەزرا (تورک کگە) هەزی تورک .ڕخراوی نمچە سەربازی لە سالی ۱۹۱۳دامەزرا (و تورک)مالی تورکان لە سالی ۱۹۱۹دامەزران(کە ناسیۆنالیزمی و تۆرقی تیدا گەسی سەند.
لە ۲۹ئۆکتۆبەری ۱۹۱٤دوو کەشتی سەربازی ئەرمانیگەبن برسیلا کە

بە فەرمی لە لایان ئەستەمبول گر درابوون دوای ئەوەی لە راوەدونانی بەریتانیەکان رزگاریان بوو بەم باردمانی بەری روسیەکانیان کرد بەمە هاتنە ناوەوی ئیمپراتەریتیان بە ناو شەر راگەیاند وە هەروەها کەمەلەی هاوپەیمانان توانیان کەمەلەی ئحتاد ترەقی لەناو ببەن وە دەتوانن بەیبریاری ئحتادیەکان بە چوونە ناو شەر بەبەرژەوەندی هیچ لاینک بوو لە لە کاتکدا هیشتا پاریسو لەندەن داوایان لیکرد بی لاین بیت وە هەروها بەلگەنامە عوسمانیەکان لەلایان حکومەتی تورکیا بلاوکرانەوە لە سالی ١٩٩٤بە دورخستنەوەی حەقیقەتی قەتلوحامە کە دەتوانن بەین زەربەی قەتلوحاتی ئەرمەنەکان بەشی زەرترینیان لە لایان رەکخراوی تایبەتی نیشتیمانی ئورگانی ئاسایشی سە پیاوەکە
بەرەوە دەبر ان کە کەمیتە چیەکانی ئیحتاد و تەرەقی بەخەوە دەگرت کە بە گویرەی پەناسەی یەکەک لەوانە(فوئاد بالقان) دروشمی ئەم رەکخراوە تایبەتە بریتبوو لە (بیسوتنە).
هەروەها سوارە خەەکانی کورد لە ژەر حوکمرانی عەبدولعەمید دروست کرابوون ئەوانیش بەشداریان لە قەتلوحامەکەدا گرت بەرهمی مولک سامانی ئەرمەنەکانیان دەست بەسرا گرت ئەم بەشداری کردنە لە تاوان هاوپەیمانیی نەوان ئتحعادی تەرەقی سەقامگیر کرد. هاوپەیمانەک وەک ئەوەی تەنەر ئاکچام ئاماژەی بە دەکات لە سالی١٩١٩بوو بە بناخەی کەمەلایتی شەری سەربەخۆی ئاگربەستی مەدرس داگیرکردن و دابەشکردنی ئەوەی لە ئیمپراتەریەتی عوسمانی مابووە بە دواوو هات بەرتانیی فەخیمە دەستی سەر لەبەری ویلایەتی موسل)کوردستانی ئستای موسل داگرد(ئیتالیاو فەرەنساش پارچەیکی ناوچەی زەریایی ناوەراستی تورکیای ئستای سمیرانی داگیر کرد دواجار لە ١٦ئایارئ. ١٩١٩نورەی پایتەخت هات تا بکەوتە ژەر دەستی هیزەکانی ئنگلیز فرەنساو ئیتالیەکان.
پەیمانی سیڤەر لە(١٠ئابی ١٩٢٠)حکومەتی عوسمانی ناچار کرد کە مەری بکات تەرخان کرابوو بە پارچە پارچە کردنی ئمپراتەریا . ئەوەی کە زیاتر ترسناکتر بوو ئەنادل بوو بەشەکی گەورەی ترسای رەژهەلاتی بە یەنان بەسترا, کە سەرەتا بەرانگاربونەوەی ئەم زنجیرە داگیرکەرانە لاواز بوو کە تەنها سوپای رەژهەلات بوو لە لایان کازم قەرەبەکر سەرکردایەتی دەکرا دەیتوانی نەرەی بەرگریکی چالاک بەرەو ببا ئەویش تەنها لە ناوچەی قەفقاس ویرای چالاکی چەندین رەکخراوی هەمچشن کەچی ئەم رەکخراوانە هەر تەنها مشتک بگزادیان کەکردوە کە زەر جار بریتیبوون لە پرسە ناخە کا نی ئعتیاد و تەرەقی کە لەهموو لایەک خەیان ئامادە دەکرد وە دواجار ئەرزەرەم سیواس)لە ٢٣تەموز سالی ١٩١٩لە لایان بگزادە ناوخەکان رەکخرابوو بوو بە یەم

بلاتفۆرمی بۆرگری کە چەندین روبەروو بونەووو هەرش رویدا دواین هیرش کە بۆ گرنگی دەزانم باسی لێوبکەم ئەویش ئەوەبوو کە کۆتایی بەشەری سەربەخۆی هینا کە بریتیبوو لە و هیرشەی کە بۆ سەرکردایەتی مستەفا کەمال بوو لە ئابی سێپتەمبەری ١٩٢٢ لە ٩ سێپتەمبەر سمیرنا کەوت سوپای یۆنان بۆ لەشاو هاتن زیاد لە سەدان یۆنانی لە ئەنادۆل دەرکران وە چەکردنیان دەردەنیل ئەستەمبوول بۆ بە شەر لە ١٩ئۆکتۆبەر کۆتای شەری سەربەخۆی راگەیاند.
شەری سەربەخۆی لە واقیعدا تاجی خستە سەر زنجیرەک شەر لە سالی ١٩١٢ لە بالقان دەستیپێکرد دواتر پرسیسی دەرچوونی ئیمپراتۆریای عوسمانی و گۆرینی ئەنادۆلی بۆ ئیسلامی کراو بۆ ناوکیکی ناوەندیی وەاتەکی میراتگر بۆ کۆتا گەیاند.

دەوڵەتی عەباسی لەسەردەمی بویهییەکان.. خەیبەر چاوشین

لەپاش ئاوای دەوڵەتی عەباسی لە سەردەمی تووركەکان دەسەلاتی خەلیفە زۆر لاواز بوو بەیە بنەماڵەیەك لە هەرەمی فارس دەركەوت توانی دەست بەسەر هەرەمەکە دا بگرێ دواتر عەراق و چەند هەرەمەک داگیركرد ئەوانیش بویهییەکان بوون بویهییەکان لەگەڵ خەلیفە دەوڵەتی عەباسی بەرەوڕیان برد،

هەکارەکانی دەركەوتنی بویهییەکان دەست گرتن بەسەر دەوڵەتی عەباسی :

١.لەوکاتە دا دەوڵەتی عەباسی لە هەرەمە دوور دەستەکان و سەختەکان دەسەلات لاوازبوو .

٢.لاوازی دەسەڵاتی خەلیفەکان چونکە بریاری کۆتایی بەدەست سەرکردەکانی تووركبوون .

٣.گەندەڵی والییەکانی دەوڵەتی عەباسی .

٤.ملمانی لەگەڵ عەلەویەکان و خەواریجەکان و شەرش یەک لە دوا

یەکەکانی وای کرد دەوڵەتی عەباسی هێزی کەم بتوانێ بەرەو لاوازی بروات .

٥.ملمانێ نێوان سەرکردەکانی تورك لەناو خۆیان .

بویهییەکان

لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی لەسەر شانۆی سیاسی دەرکەوت ئێوان لە ولاتی دەیلەم لە باکوور کۆچیان کرد بۆ هەرێمی فارس و ئیسفهان جێگیر بوون دوای ناجێگیری دەسەڵات لەو ناوچەیە کەسێک دەرکەوت بەناوی علی کوری شوجاعی کوری بویهی بوو توانی دەست بگرن بەسەر ئیسفهان و شیراز و کرمان و تەواوی هەرێمی فارس دا بگرێت و دواتر ملمانێ نێوان سەکردەکانی تورك هەرشی کردە سەر عێراق توانی تورکەکان لە دەسەلات دوور بخاتەوە ،

پەیوەندی نێوان خەلیفە و بویهییەکان

بەهاتنی بویهییەکان بۆ شاری بەغدا دوورخستنەوەی تووركەکان لە دەسەلات دوور بخاتەوە دەی خەلیفە بەدەست بهێن خەلیفە ئێوانی لە پەستێ گرنگەکان دابنێن بەتام بەمشێوە درێژەی نەخایاند بویهییەکان رووی راستی خۆیان دەرخست توانی خۆیان بەسەر خەلیفە بسەپێنن خەلیفە تەنیا وەکو ناو مایەوە ئاگر خەلیفەکان بۆ قسەی سەرکردەکانی بویهییەکان نەکات لە پەستەکی خەلیفە لای دەدەن،

دەوڵەتی عەباسی لەماوەی حکومرانی بویهییەکان ٣٣٤ _٤٤٧ کۆچی

دەوڵەتی عەباسی لە سەردەمی بویهییەکان بۆ تاریکترین سەردەمی مێژووی دەوڵەتی عەباسی دادنرێت چونکە لەگەڵ سەردەمەکانی تر جیاواز بوو لەبەر ئەوەی لەسەردەمی بویهییەکان سیستەمی نامەرکەزیان پەیرەو دەکرد و دەسەلات دایە بەهەرەمەکان کە خۆیان بەرەوە ببەن بەتام باج دەبە بنەرن بۆ خەلیفە هەروەها خەلیفەیان لە گشت کاروباری وەلات دوورخستەوە تەنیا کاروباری ئاینی بۆ هەشتەوە و لە پەستە گرنگەکانی کەسێ نزیکەکان دادنا هەروەهاش لە پەستە والیەی نزیکەکان لە کەسێ نزیکەکان خۆیان دادنا ئەم دەخەی درێژەی کێشە تا بەهاتنی سەلجوقە تورکەکان لە رێژەهەلات هەرشیان کردە سەر بویهییەکان لە ساڵی ٤٤٧ کۆچی کۆتایی پێ هینان سەردەمێکی تری نوێ دەوڵەتی عەباسی دەستی پێکرد ئەویش سەلجوقیە تورکەکان بوون .

هەکارەکانی لەناو چوونی دەسەلاتی بویهییەکان

١. ملمانێ نێو بنەماڵەی بوبەیەکان شەریان بوو لەسەر دەسەڵات .
٢. هەرەمەکانی دوورەدەست لە دەسەڵاتی بوبەیەکان یاخی بوون .
٣. گەندەڵی لە نێو دەزگاکانی دەوڵەت .
٤. خەلیفە داوای لە ناوچە سنووریەکان بەهانای خەلیفەوە بێن .
٥. دەرکەوتنی سەلجووقییەکان وەکو هێزێکی نوێ

بارودۆخی سیاسی تورکیا لەسەردەمی دیموکراتەکاندا..

زاید مستەفا محمود

پارتی دیموکرات لە لە تورکیا لە دوای ساڵی ١٩٤٥ ز دەرکەوتن بەهۆی گەرانکاریی جیهانییەکان تەنانەت تورکیاشی گرتەوە، ئەوەبوو پارتی دیموکرات لە ساڵی ١٩٤٦ ز لەلایەن جەڵال بایار دامەزرا، دواتر لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٥٠ ز بووە یەکەم پارت کە زۆرینەی کورسی نوێنەرانی بەدەست هێنا، ئیدی بەو سەردەمە دەوترێ سەردەمی دیموکراتەکان لە تووركیا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ _١٩٦٠ز ، دوای پارتی دیموکرات هاتە سەردەسەلات ئەو بەڵێنەی دابووی توانی هەندێک لەئازادیی دیموکراتەکانی فەراهەم کرد وەکو ئازادی رۆژنامەگەری و فرە پارت و پارتی ئۆپۆزسیۆن بەڵام هەندێ نەبرد رووی راستەقینەی خۆی دەرخست و هەنگاوەکانی بەرەو تاکرەوی چوو،

سیاسەتی ناوخۆ:-
لەسەرەتا حکومەتی عەدنان لە رووی ناوخۆییەوە هەڵگری سیاسەتێکی راستڕەوانەی توندڕەوانە بوو هەوڵێکی زۆری ئەدا گشت لایەنەکان بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە هەر وەکو ئەمانەی خوارەوە :

١_ کۆمۆنیستەکان :

هەر وەکو پێشتر باسمان کرد تورکیا خۆی لە بەرەی رۆژئاوا نزیک دەکردەوە و بوو بە هاوپەیمانی ئەوان ئەمەش وای کرد سیاسەتی دژی کۆمۆنیستەکان پەیرەو بکەن هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی کۆمۆنیستەکان دەستی پێکرد دواتر لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥١ز یاسای دژ بە

کۆمۆنیزمی لە ئێنجوومەن قبولکرا و بوو بەمادەی ١٤١ کە بڕیۆ ئەو ماددەیە حوکمی لە سێدارەدان بەسەر هەموو ئەو کەسانەدا دەسپێنین کە هەولی چالاک کردنی ئەو ڕێکخراوانە دەدەن کەسەر بە کۆمۆنیزمن،

هەر لەو سەردەم دا سالی ١٩٥٥ز حکومەتی تورکیا کۆمۆنیستەکان بەو کوشتارەی دژی ئەرمەن و یۆنان و یەهودیەکان لە ئیستەمبۆل و ئزمیردا تەمەت بار کرا سالی ١٩٥٧ز حکومەت بریاری تووندترکرنی دژە کۆمۆنیزم دەرکرد و دادگایەکی تایبەتیش دانا،

٢_کوردەکان

بەهۆی ئەو سیاسەتی پارتی گەلی کەماریەوە کە بەرامبەر کوردی دەکرا کوردەکان بەلای پارتی دیموکراتەوە چوون، پشتگیری ئەو پارتیان دەکرد، پارتی دیموکراتیش بەڵێنی دا ڕێ بە کوردەکان دەدا چەند یانەیەکی ڕۆشنبیری و پارت و گۆڤار دابمەزرێن یەکێک لە کەسایەتیەکانی کورد بەناوی موسا عەنتەر دەرکەوت، جگەلە کوردەکان پارت و یانەی تورکیش بەشداربوون وەکو یەکێتی ئەدەبیاتی تورك وپارتی نیشتمانی ، بەڵام ئەم هەلوەستەی پارتی دیموکرات تا کۆتایی بەردەوام نەبوو لە بەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوە لە سالی ١٩٥٧ز دەستی بە دژایەتی کوردەکان کرا چەندین کەس دەستگیرکرا و حکومی زیندانی چەند ساڵێك بەسەریان سەپاند،

٣_پارتی دیموکرات بەرەو تاکڕەوی

پارتی دیموکرات سەرەتا ئازادی و ڕادەبرینی فەراهەم کردبوو بەلام وردە وردە بەلای تاکڕەوی چوو لە بەڵێنەکانی کشایەوە سەرەتا بە یاسای دژە کۆمۆنیستەکان دەستی پێکرد دواتر وردە وردە چەندین یاسای دژی ئازادی و دیموکراتی دەستی پێ کرد لەوانە :-

١_بریاری ٢١تەموزی سالی ١٩٥٣ ز دەرکرد تیا هاتووە تەوگلانی مامۆستای زانکۆ بە سیاستەوە قەدەغەکرا ئەمش مەبەست زیاتر قەدەغەکردنی دەنگی نارەزایی ناوەندی ڕۆشبیری ولات بوو .

٢_سالی ١٩٥٤ز بریارێکی دەکرد لە سزادان دا حکومەت مافی ئەوەی هەیە ئەو فەرمانبەر لەسەر کار لابەبات بە ئەوەی فەرمانبەرەکە ڕەتبکاتەوە .

٣_سالی ١٩٥٤ز بریارێکی دەرکرد لەسەر ڕۆژنامەگەری ئۆپۆزیشن هەر نوسەرێک یان ڕۆژنامەنووسێك ڕاخنە لە کەسایەتیەکانی حکومەت بگرێت

تووشی سزای زیندانی یان سزای ماددی دەردرێت .

٤_لە سالی ١٩٥٦ز بریارێکی نوێ سەبارەت بە رۆژنامەگەری دەرکرد کە تیادا هاتووە نابێ وتار و گۆڤاری رۆژنامەکان بارودۆخی ئابووری ولات بلاوبکەنەوە یان لە رۆژنامەی بینانی وەربگرنە سەر زمانی تووركی و رخنەگرتنیش لە ئەندامانی ئەنجوومەن قەدەغەیە سزای ٥ سال زیندانی و ماددیش ٥ هەزار لیرە .

٥_لە سالی ١٩٥٦ز ئەنجومەن یاسایەکی دەرکرد لەسەر گردبوونەوە یان خۆپیشاندان و
رێپەوان کە سەرجەمی قەدەغە کرد لە شوێنە گشتییەکان بێ بێ مۆڵەتی دەسەلات ئەم تایبەت بوو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بوون .
ململانێ ناوخۆییەکان

ململانێ لەگەڵ پارتی گەلی کەماری

هەر لەسەرەتای ١٩٥٠ز وە ئەو دووپارتە رکابەری یەکتر بوون پارتی دیموکرات چەند هەنگاوێکی نا تا ئەم پارتە لاواز بکات

١ـ [illegible] .
٣ـ [illegible] . هاسانسەری خرایە سەر کار و کابووناوەکانی پارتەکە .
٥_ هەولی تیرۆکردنی عیسمەت ئینانە کە کۆسایەتێکی دیاری ناو خەڵک و پارتەکە بوو .

چەندی شتی دیکە بەرامبەر پارتەکە کرا ململانێکە لەساڵی ١٩٥٥ز گەیشتە لوتکە د.قاسم گولك کە سکرتێری پارتەکە بوو دەستگیرکرا بەشداری هەڵبژاردکانی ساڵی ١٩٥٧ ز و هەڵبژاردکانی شارەوانییەکان نەکرد ئەم ململانێیە تا کۆتایی هاتنی دیموکراتەکان بەردەوام بوو .

ململانێ پارتی دیموکرات لەگەڵ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان

لەپاڵ ململامی پارتی گەلی کەمارە چەندین لایەنی تریش دەنگی نارازی لە حکومەت دەگیرا تەنانەت لە خودی ناو پارتی دیموکراتیش دەستی پە کرد داوایان چاکسازی دەکرد بەلام عدنان گوڕ لە نەگرتن لە ناو پارتەکەیان دەرکرد و دواتر چەند ئەندامی تر پەیوەندی بەو پارتە پچراندوو پارتی نوێ دایان مەزراند یەکیک لەوانە پارتی ئازادی بوو لە لایەن فوزی لەتیف قادر عوسمان ئوغلو کە داواکاری ئەم پارتە ئاوەبوو داخوازی دیموکراتییانە خستەروو بەلام گوڕ لە نەگیرا پشت گوێ خرا.
لە ساڵی ١٩٥٨ز رووداتی شەرشی ١٤ تەموزی عێراق کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر حکومەتی عدنان دەبوو لە ترسی هەمان رووداوە لە تورکیا رووبدات بۆیە حکومەتی عدنا. بڕیاری نیشتمانی راگەیاند بە بیانوی ئاوەی پارێزگاری لە ئیسلام دەکات
لە پارتی گەلی کەمار کە ئەم پارتە دژ دین بوون بۆیە پارتی دیموکرات لەم ڕووە بتوانێت رای گشتی بدەست بهێنێتەوە ئەم ململانێیە بردەوام بوو دوای بڕیارێکی یەکێتی هەزکانی ئەپەزسیۆن دامەزرا بە سەرکایەتی عیسمەت ئینانە بوو کە بردەوام ڕەخنەی لە حکومەت دەگرت دوای حکومەت عیسمەت ئینانە و چەند ئەندامی تری پەرلەمان و پارتە سیاسیەکانی تر دەست گیرا کران حوکمی زیندانی بەسەر ئاوەندا سەپێنرا بەلام ئەمە خەڵی زیاتر تووڕە کرد ڕاژانە سەر شەقام لەشارە گەورەکان وەکو ئەنقەرە و ئەستەمبەل و ئازمیر بڕیارە چوو و قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆش بژدار بوون بەتایبەت کەڵەژی سەربازی ئەمەش وای کرد سووپا تەداخولی دەخەکە بکات .

سیاسەتی دەرەکی

تورکیا لەسەردەمی دیموکراتەکان لەرووی سیاسەتی دەرەوە زۆر سەرکەوتوونەبوو چونکە زیاتر بەلای دەستووری ساڵی ١٩٢٤ ز کە زیاتر جەختیان لەسەر پرسە نەتەوەیەکان دەکردەوە کەملەك پەیمان و کۆشە ڕوویاندا لەم سەردەمدا وەکو ئەمانەی خوارەوە :-

١_پەیمانی ناتۆ یان باکووری ئەتڵەسی :-
ئەم پەیمانە لەکۆتایەکانی چلەکان بەسترا ئەو ولاتانەی دەگرتەوە کە دەکەوتنە باکوری ئەتلەسیەوە ئەوانیش وەکو ئەمریکا و کەندا و بڕیتانیا و فەرەنسا و نەرویج و دانیمارك و ئەلمانیای ڕۆژاوا و بەلجیکا و هۆڵەندا دواتر هەر یەك لە تورکیا و یۆنانیش هاتنە ناو بەلام هاتنەوە تورکیا کەملەك ڕەگری لەبردەم بوو ئاویش ولاتی نەرویج و دانیمارك کۆشەی سیاسی هەبوو لەگەلی جگە لەوەش شوێن

جوگرافیای تورکیا زۆر دوورە لە باکووری ئەتلەسیەوە بەلام دواتر بەرگەی گفتوگۆوە تورکیا لە ساڵی ١٩٥٢ز بووە ئەندامی ناتۆ بەشداری لە جەنگی کۆریاش کرد .

٢_پەیمانی بەغدا :-
ئەم پەیمانە لە نێوان بەریتانیا و ئێران و عێراق و پاکستان و تورکیا بەسترا ئەم پەیمانە زیاتر بە پاراستنی ناوچەکانی کەنداو بوو لە دژی یەکێتی سۆڤیەت زیاتر بە بەرژوەندییەکانی بەریتانیا بوو .

٣_پەیمانی بەلکان
ئەم پەیمانە بە فشاری ئەمریکا لەساڵی ١٩٥٣ ز بەسترا لە نێوان یۆنان و تورکیا و یۆگسلاڤیا و بولگاریا زیاتر مەبەست لەم لەپەیمانە دوورخستنەوە بوو لە بیر و هزری چەپەکان بوو بەلام تەدا سەرکەوتوو نەبوو چونکە هەر یەك لە بولگاریا و یۆگسلاڤیا لەکاتی جەنگی جیهانی لە لایەن یەکێتی سۆڤیتەوە رزگارکران کەوتنە ژیری فکر و هزری چەپەکان بەلام سەرکەترین هەکار شکستی ئەم پەیمان بە ئەوە دەگەڕێتەوە تەکچوونی پەیوەندی یۆنان و تورکیا بوو .

٤_کێشەی قوبرس
ئەم کێشەیە لە نێوان تورکیا و یۆنان تا ئێستا ڕێنگدانەوەی سیاسی لە ناوە و دەرەوە هەیە کێشەی قوبرس لە ساڵی ١٩٥٤ ز یۆنانییە قوبرسەکان داوای دەکرد کە قوبرس بخرێتەوە سەر یۆنان و بەریتانیاش پشتگیری کرد بەلام تورکیا قایل نەبوو بەیە تورکیا بە هەموو شێوەیەك دژی ئەم پرسیە بەیە یۆنان پرسەکەی خستە بەردەم نەتەوەیەکگرتووەکان کە داوای کەی یۆنان ڕەتکرایەوە ئەمش تونددوتیژی تایفەگەری لە نێوان ئەو دوو ولاتە رووبدا و گرژی و ئاڵۆزی خراپ ناوچە سنووریەکان گرتەوە لە ساڵی ١٩٥٥ ز پەلاماری کونسلخانەی تورکیا لە شاری سلانیکی یۆنان درا هەر چەندە حکومەتی یۆنان هاوخەمی بە ڕووداوەکە بە حکومەتی تورکیا ڕاگەیاند بەلام خەلکی تووڕکیا ئەمیان قەبوول نەکرد دەستیان بە خۆپشاندانیان کرد لە شارەکانی ئێستەمبۆل و ئەزمیر گرتەوە و پەلاماری کلێسا و ناوچەکانی خەلکئ یۆنان درا کە لە ناو خاکی تورکیا دەژیان کە ئەمش زیانی ماددی زۆری گەیان قەبارەی زیانەکە بە ملیار لیرەی تووڕکی مەزەندە دەکرا ئەم بارودۆخ بەوشیوە بەردەوام بوو تا حکومەتی تووڕکیا چەند ڕەکارەکی گرتە بەر بە بلاوپێ کردنی خۆپشاندەران کەتایی ئاڵۆزییەکانی هەردوو ولات بەلام تا ئێستاش لەگەڵ بە پەیوەندی ئەو دوو ولات بەشێوەیەکی گشتی زۆر باش نیە .

کۆتایی حوکمی پارتی دیموکرات

دوای ئەوەی خەلك زۆر لە حکومەتی دیموکرات بێزاربوون بەتایبەت دەستگیرکردنی ئەندامەکانی تری پارتە سیاسیەکانی تر و دەست لەکارکێشانەوە بەشێکی زۆرئەندامانی خودی ناو پارتی دیموکرات وای کرد کە دەخە زیاتر ئالۆز بوو لە ئاکامدا سووپا بەسەرکەیاتی جەنراڵ جەمال کورسل فەرماندەی باڵای هێزی وشکانی و سەرکی کەمەلەی ئەتاتورکەکان کە کەمەلەیەکی نهێنی بوو و لە سالی ١٩٥٤ ز دامەزرا بەمەبەستی چاکسازی سووپا دامەزرابوو لە ٣ ئایاری ١٩٦٠ز نامەیەکیان نارد بۆ وەزیری بەرگری کە داوای دەست لە کار کێشانەوە جەلال بایار و عەدنان موندەرسیان دەکرد و حکومەتێکی کاتی دابەمەزرێنێت بۆ ئەوەی ولات لەو قەیرانو سیاسیە و ئابوری رزگار بکات بەڵام بە وەڵام بوون دواتر لە ناو کەمەلەکە بریاردرا لیژنەی یەکێتی نیشتمانی پێک بهێنین دواتر سووپا چووە ناو ئەنقەرە و گەمارۆی کێشکی کەماریان دا عدنان و جەلال خەیان رادەست کرد و سووپاش بەسەرکایەتی جەماڵ کورسل لە ٢٧ ئایاری ساڵی ١٩٦٠ز لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە کۆتایی بە حوکمی دیموکراتەکان هێناوە کودەتاکە سەرکەوتووبووە لاپەرەیەکی نوێ لە مێژووی تووركیا دەستی پێ کرد .

کەمەڵەی گوڵان.. حەلیمە عزیز حسێن

باسی کەمەڵەی گوڵان وچەنیەتی پێکهاتنی ومەبەست و ئامانجەکانی باسەکی زۆر دوورودرێژ ولەم باسەدا بەکورتی ئاماژە بەچەند سەرچاوەیەک دەکەین کەباسی مافی میللەتانیان کردووە بەپێی بڕیارەکانی (عصبة الأمم)کەباسی کوردیشی دەبوایە بگرتایەتەوە ،دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی لەسەرچاوە (١١٠)دا،لەوباسەی دەربارەی چواردە مادەکەی (ولسن)ی سەرۆککۆماری ئەمریکادا دەربارەی (کەمەڵەی گوڵان)وتویەتی:

((ولسنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا پیاوێکی حقوقی بوو،یەکێک بوو لەوانەی بەشداری کردبوو لەداڕشتنی ڕێکخراوی کەمەڵەی گوڵاندا و ولسن سەنمونەی هێناوەتەوە بەجێبەجێکردنی ،باسی (نەتەوەکان ومافی

چارەنوسی گەلان کەلەبەشی پێنجەمدا لەباسی ئینتیداب چاودێریکردن)دا باسی سێ وڵاتی غەیری تورکی کردووە وسەربەخۆییان بدرێتە پاش ئەوەی بەماوەیەکی کەم لەژێر چاودێری کۆمەڵی گەلاندا دەبن کە ئەوسا وڵاتە بریتین لە؛
١-ئەرمەنیا،٢-کوردستان،٣-ئارابیا -کەمبەست لەوڵاتە عەرەبکانە)کە وتوویەتی؛ئامانجی سێیەم بریتین لەجزیرەی عەرەب، سوریا،فەلەستین،لوبنان،ئەردەن، عێراقی عەرەبی کەبەئاشکرا وتوێتی عەڵاقی عەرەبی دیارە مەبەست لێی ناوچە عەرەبنشینەکانی عەڵاق بووە).
دکتۆر عیسمەت شەریف لەباسەکیدا لەسەری دەڕواودەڵێت :ولسن لەوناخشە وپڕۆژەیەی بە دامەزراندنی کۆمەڵی گەلان ئامادەکردبوو ، بە کوردیش هەمان شتی باسکردبوو کەبریتی بوو لەدانانان بە(سەربەخۆیی نیشتیمانیدا)، بەڵام لەبەرئەوەی بەشی هەژدەهاتی کوردستان(مەبەستی کورداتانی ئێرانە) بەشێک نەبووە لەدەوڵەتی عوسمانی بۆیە لەپڕۆژەکەی ولسندا باسنەکراوە،دکتۆر عیسمەت شەریف لەکۆتایی ئەوباسەیدا وتوێتی (لەدوای شەڕی دوهەمی جیهانی کە (نەتەوە یەکگرتوەکان)جێگەی (عصبة الأمم)ی گرتەوە، لەمادەی دووەیدا وتراوە ؛هاوشانی لەنەو گەلاندا هەبێت وپێویستە هەموو نەتەوەیەک مافی چارەنوسی خۆی هەبێت)).
دەربارەی هەڵی ولسنی سەرۆک کەماری ئەمریکا کەدکتۆر عیسمەت شریف باسیکردووە،دکتۆر کەمال مەزهەر لەکتێبەکەیدا(چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی گەلی کورد)، وتوێتی؛((لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، کەمەلی گەلان (عصبة الأمم)بوو بەدروشمەکی رزگاری ، بۆیە ساتەک کەنگرەی ئاشتی لەپاریژی (١٨/٩/١٩١٩)دا کرایەوە، بایخی بەکۆمەڵەی گەلان ولە٢٥/٩دا جێبەجێکردنی پڕۆژەی (عصبة الأمم)دا بەلێژنەیەکی باڵا(ئەوەی وەکو لێپشدا باسکراوە دکتۆر عیسمەت ناویبردووە، بەسەرکایەتی ولسنی سەرۆکی ئەمریکاو دەوڵەتە سەرکەوتووەکان هەریەکەیان دێپوسیت پڕۆگرامی کۆمەڵی گەلان بەشێوەیەک داڕشتبوو کەلەهەموو سەرکەوە لەگەڵ ئامانج وبەرژەوەندیەکانی خۆیدا بگونجێت.

ئامانجە سەرەکیەکانی کۆمەڵەی گەلان بەپێی ئەوەیی لەبەڵێنەکەی دا هاتووە، پوخت دەبنەوە لە:
1- پێکهێنانو پاراستنی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی.
2- کارکردن بۆ پتەو کردنی هریکاری نێوان دەوڵەتان.
3- پێنابردن بۆ هەزلە چارەسەری کێشەو باسو خواستە نێودەوڵەتیەکاندا.

4- لەزگرتنی یاسا نەودەوڵەتیەکانو ئو پەیمانو بەڵێنانەی کە لەپەیماننامە نەودەوڵەتیەکاندا هاتووە.
5- دامەزراندنی چەند پەیوەندیەکی پتەو و دەستانە لەنەوان دەوڵەتە جیاجیاکاندا لەسەر بنەمای یەکسانیو دادپەروەری.
6- لە بەڵێنەکەدا مادەیەك هاتبوو کە پەیوەست بوو بەشوەی کارگەی داگیرگەر ئەمانیەکانی پەشوو لەگەڵ ئو ناوچانەی کە ملکەچی دەوڵەتی عوسمانی بوون لەچوارچوەی ئوەدا کە ناسراوە بەنیزامی ئنتیداب کە تیایدا هاتووە:
گەلانی وڵاتانی لەسەنراو لەئیمپراتەریەتی عوسمانیو ئەمانی پاش پەگەیشتنی سیاسیان نە گەشتنە پەیەوی دەسەڵاتو سەربەخۆیی، بە ڵکو پەویستیان بەهاوڕو یارمەتی دەوڵەتە گەورەو پشکەوتوەکان بوو بە گەیشتن بەسەربەخۆیی تەواو.

دکتەر کەمال لەسەری ئەروا وئەڵێت؛ پەیمانی ئاشتی ئوکارانەی خۆی پە تەواو نەکرا چونکە فریای تەواوکردنیان نەکەوت بۆیە کەمێی گەلان لەسالی ١٩٢٠ دادامەزرا وهەتا سالی ١٩٤٦ مایەوە (وەکو واتراوە کەمێی نەتەوە یەکگرتوەکان جێگای (عصبة الأمم) گرتەوە.
وە یەکێتی سۆڤیەتیش بۆیە نەبوو بۆئەندام لەکەمێی گەلاندا چونکە ئو ڕێکخراوەی بەلایەنگری ئاشتی نەدەژمارد،لەڕاستیدا زۆربەی بەیارەکانی کەمێی گەلان بە خواست ومەبەستەکانی ئو دەوڵەتە زلهێزانە بووە کە لەو کەمێیەسا دەسەاتەکی زۆریان هەبووە وەکو حکومەتی بەریتانیای ئوەژانە.

لەڕوە دەماناوێت ئاماژە بەوە بکەین کە کەمێی گەلان لەئەنجامی داوای چەندین بەیارو ێکخراوو گەلدا پێکهات بەدامەزراندنی دەستەیەکی نەودەوڵەتی کە ڕێی سیاسی ببینێت لەڕکخستنی پەیوەندیە نەودەوڵەتیەکانو ئو گرفتانەی دەنە ڕێی وك پاراستنی ئاشتی جیهانی وپەنابردن بە جەنگ وك پەناوك کە ئو گرفتو ناکۆکیانە چارەسەر بکات.
کەمێیەکە لەسەر جەنگەکەی وەرانکەر دامەزرا، جا دەوڵەتە سەرکەوتوەکان ویستیان بەهێشتنەوەی دەسەاتیان بەسەر دەوڵەتانی ژێردەستیان بەداشتنی یاسایەکی نوێ قەرەبوی زیانەکانیان بکەنەوە کە ئو یاسایە کەبوونەوەی نەودەوڵەتی دانی پێدا بنێت، شیاوی باسە بیرکەی دامەزراندنی ێکخراوەی نەودەوڵەتی لەبەندەکانی وەسنەوە هات.

بیرەوەریی کانی فەقێکی گومڕا(60).. شەماڵ بارەوانی

مەلا من و کەمێک فەقێی تری لە حوجرە کردە دەرەوە!

مەلا ئزگار مەلایەکی تا بڕێیت ئاحسوک بوو، مەلایەکی ڕووخۆش و کەمدی بوو. لە نێو فەقێکان، لەهەمووان زیاتر منی خۆش دەویست و ئازی زیاتری دەگرتم. ئەو حافیزولقورئانییەم، وای لێ کردبووم لای هەموو مەلاکان، خۆشەویست بم.

کە گوتیشم دەڕۆم، مەلا ئزگار پێی گوتم، توخوا مەڕۆ، زەر تکای لێ کردم و هەوڵی دا کە نەڕۆم، بەڵام من ئاخرییەکەی ئەیشتم لەوە(حوجرەکەی مزگەوتی دەشتی هەولێر) نەمتوانی تەحەمول کەم و هاتمەوە ناو هەولێر و حوجرەی مزگەوتی حاجی عەلی سەرانی.

ئاخر بنەماوە تا هەولێر، بۆ من زۆر دوور و ناخۆش بوو. دەبوایە هەموو ڕۆژ بۆیانییەکەی زوو، بۆ پاس بچین بۆ مزگەوتی سەواف و قوتابخانەی ئیسلامی مەلا عەبدوڵا پێلپیتانی.

ئەوە زۆر بێزاری دەکردم. بۆ شەوێ مەلا ئزگار و مزگەوتی دەشتی هەولێر و بنەماوە و هاوڕێ فەقێکانم جێ هێشت. دواتر و دوای ئەوەی کەڵکی شەریعەم تەواو کرد و گەشتمە خوێندنی باڵا و ماجستێر لە باکوری کوردستان، لە شاری (وان)، و لە هەمان کاتدا لە دێیەکی دەوروبەری قەزای بەردەڕەشیش مامۆستای وانەبێژبووم، دوای هەشت ساڵ، ئەوکاتەی لەحوجرەکەی ئەو بووم، پێلی پێنجی ئامادەیی بووم، ڕۆژێک تەلەکەم بە هات، سەیر دەکەم مەلا ئزگار کەرکوکی خۆیەتی.

دوای سڵاو و چاک و چۆنی و هەواڵ پرسین،

گوتی: دێین بۆ سەردانیت، تۆ لەکوێی بەردەڕەشیت؟

ناونیشانەکەم پێدان و هاتن و گوتی: زۆر دڵخۆشم و ئاگادارم کە لە ڕووی فیکرییەوە گەڕاویت و وازت لەو ئیسلامییانە هێناوە. گوتم بەڵام نەبووەتە سۆفی. هاهاها، دووبارە بۆیادی جارانەوە دامانە قاقا.

ملا زگار چوار دروشیشی لگڵ دابوو، دیاربوو لە تەکیەی ئاکرە و لەزیارەتی شێخ دەهاتنەوە. هەرچەندێک بێت، ئەو لە من باشتر و بەوفاتر بوو، منی لەبیر نەکردبوو و هاتە سەردانیم.

ئینجا بابینەوە سەر دووبارە دەیشتنم بە ناو هەولێر. کە بنەسماوم جە هەشت و چوومە ئەو حوجرەیەی مزگەوتی حاجی عەلی سەرانی.

حوجرەکە چوار فەقێی تری ئیسلامی و یەکگرتووی تێدابوو و خەڵکی هەڵەبجە و سلێمانی و کەیە بوون، کە هەموویان لە پەیمانگای ئیسلامی دەیان خوێند. ئەوان لە من بەتەمەنتر و لە خوێندنیش لە پێشتربوون و ماوەیەکیش بەر لەمن هاتبوون بۆ ئەو حوجرەیە.

جا هەموجار دەیانگوت: شەماڵ لەوەتەی تۆ هاتوویت بۆ ئێرە، وەڵا هی ئێمە خانی بووین، مەلاژن، مەبەستیان دادە(س.) بوو، ئێمەی بۆ خواردنی جاربەجار خانی کردووە.

پێشووتر هیچی بۆ حوجرە و فەقێکان نەدەنارد، بەڵام لەوەتەی تۆ هاتووی، هەرسەعاتە و شتێک دێنێت، جارێک چا، جارێک قاوە، جارێک شیر، جارێک شەربەت، جارێک کێک و جارێک شیو، جارێکیتر میوە.. حەقەت وابوو.

دەرگایەک لێنوان حوجرەکەی ئێمە و ماڵی مەلا هەبوو، زوو مەلا ژن بانگی دەکرم: شەماڵ کوڕەکەم، وەرە ئێمە بەرە، هەر جارە و خواردن و خواردنەوەیەکی دەهێنا، چییان بوێستبوایە، گەر مناڵەکانی لە قوتابخانە بووان، پارەی وەمن دەدا، چیم بۆ وان بهێنابوایە، دەیگوت بۆخۆشتان و بۆحوجرەش بیهێنە.

کە دەڵێشتنەوە بۆهەڵەبجە، کلیلی ماڵەوەی بۆ من دەدا و دەیگوت ئاگات لەماڵەوە بێت و چیت ویست هەموو شتێک لەناو سەلاجەکەدا هەیە، بۆ دەی خێت بکەیت و نیانخەیت گەردنت ئازا ناکەم.

جا منیش زەرجار دەچووم و شتم دەخوارد و دواتر تەلم بۆ دەکرد و بۆ شاخی دەمگوت: دادە تازە پشیلەیەک لەماڵی ئەوە چوو گیان سەلاجەکەتان و خواردنەکانتانی هەمووی خوارد، دەیگوت ئەیەڵە، دەمگوت پشیلەی دوو پێ، دەماندا قاقا و دەیگوت کوڕەکەم شەماڵ، ماڵ ماڵی خۆتە.

مەلا ژن، ئەوکات خەیشی دەیخوێند و دواتر پەیمانگای ئیسلامی

تەواوکرد. زەر ەەزی منی دەگرت. بە سەردان خۆی و مەلای هاوسەری و منا ەەکانی هاتن بۆ سەردانی ماەەوەمان لە بادینان.

دواتر کە دەرکرام لەو حوجرە، ئاگام لێی نەما، لە قەناغی سێی کۆلێژ بووم و لە کۆلێژی شەریعە و لەحوجرەش دەماموە، لە مزگەوتی بەرزنجی. تەلەکم بە هات، دوای دووساڵ ەەیشتنم لەوە.

تەلەکە مەلاژن بوو، هەواڵی پرسیم و گوتی: زەر گلەییم لێت هەیە، هەرکەسێک ئەوەی کردبا، نەدەبوو تۆ بیکەیت. کچەکەم مرد و تۆ نەهاتیتە پرسە، هەرچاوەەە بووم، کەچی تەلیشت نەکرد. کچەکەی شەرپەنجەی بوو، بەردەوام لە حوجرە دەهات بۆلای من و فەقە کانی تر.

ئەفسوس ئەو پێوولەیە، لە تەمەنێکی زەر زووەوە ماڵئاوایی لێژیان کرد و ەەحی بەرەو ئاسمان فڕی.

جا پێی گوتم: دەزانم ئازارت چەشتووە، دەت شکاوە و لەمان زویرت، توخوا بمان بووڕە. بە خوا پیاوەکەی من سروشتی ئاوایە، منیش بە دەستیەوە گیرم خواردوە.

دواتر و دوای ماوەیەکی زەرکەم، هەواڵی جیابوونەوەی ئەوم لە مەلا بیست، زەرم پێ ناخۆش بوو بەەاستی.

جا ئەو مەلایە، جارێکی تریش من و چوار پێنج فەقێی تری لە مزگەوت و حوجرە دەرکرد.

ئەوە مەغریب بوو، من لە چێشتخانەی حوجرە، خەریکی چێشت ئامادەکردن و پێتاتە سوورکردنەوە بووم.

فەقێیەکی تریش(سەید سەردار)هەرگیز پێشنوێژی نەدەکرد، کوەێکی زەر شەرمن بوو و شەرمی دەکرد پێشنوێژی بە خەڵکەکە بکات.

فەقێیەکی تریش، فەقە(هەیاس) ەەشتبوو بە نانەواخانە نان بکەەت. دوو فەقێی تریشمان لەگەە بوو(ەەدوان و محەمەد وەیسی)، ئەوانیش گچکە بوون و بەکەەک پێشنوێژی نەدەهاتن.

ئەو خەڵکە لە مزگەوت هەرچاوەەی ئەمە بوون، فەقێیەکمان بەەین پێشنوێژییان بۆ بکەین.

مەلا(س.ح) نەهاتبوو، ئاخرێکەی کەسمان نەەەشتین. مەلا(س.ح) بەوەی زانی، زەر تووەەبوو. هەموومانی لە حوجرە کردە دەرەوە. گوتمان بەم

شەو بە کوێ بڕۆین؟

دوای بیرکردنەوە، بڕیارمان دا بڕۆینە مزگەوتی(ڕەحمە).

هەموومان ڕێیشتین بۆ حوجرەی مزگەوتی ڕەحمە، مەلا(س)، نازانم چۆن زانیبووی ئەمەی دەرکەراو دەڕۆینە ئەوە، خۆرا تەڵەی بۆ مەلای ئەوە(مەلا ئیدرس)کردبوو، مەلا ئیدریسیش یەکگرتوو و هاوڕێی مەلا بوو. قبووڵی نەکرد، تەنانەت بۆ شەوێکیش بێت، تا ڕق و تووڕەیی مەلا(س..)چاک دەبێتەوە، بڕۆینە ئەوە و لای فەقێکانی ئەوە بمێنینەوە.

ناچار ڕێشتینە حوجرەی مزگەوتی حاجی بەدرییە کە مەلا(فایز) لێوە بوو، ئەویش
یەکگرتووبوو، شەو لێوە ماینەوە.

پەیامنێر.. چیرۆکی: نەوزاد بەندی

ئەکرا بڵێین پیاوێکی بەشانس بوو ، هەرچەندە خەی پێچەوانەکەی ئەسەلماند ..هەمیشە داد و بەدادی بوو لەوەی لە لەزگە و ..لەزگەی دوو دیو و هەموو جارە لەزگەکاندا شانسی نییە . . کام جارییان کە زەر گرانە ، ئەیکەڕ ، هەیئەواسە ، خاولیکەی پەوە ئەکا ، دوای چەند خولەکێک ، خاولکەی لەسەر زەوییەکە وەک پشیلە گرمەڕە بووە ..ئەیانووت گەرمی کە ، گەرمی ئەکرد ، سوودی نەبوو ..
بەڵام خەڵک پێیان ئەووت ، تۆ سەیریکە ، کاتێ سەرەی سەربازیت هات ، جەنگ وەستا .. کە بەشی ناوخۆییت وەرگرت ، ئیتر دوای تۆ بەشی ناوخۆیی نەما ..شانسی وەک هی تۆ ، خوا بە کەسی نەداوە ..
لە ئاژانسەوە نامەیەکی دەنگیی بەهات ، گوایا ئەم چالاک نییە لە گردکردنەوەی هەواڵی خوێناوی و جەرگبڕا .. لایک و سەبسکرایبی ئاژانسەکەیان زەر دابەزیوە ، کار وا بەوا پارەی سپۆنسەر و شتیان نامێنێ …
ئەمیش لە داخا جگەرەکەی هەڵدا ، کەوتە ناو شەربەتی کچێکی بچوکەوە ، کە بە جلی فەرگەوە بەرەو خوێندن ئەڕۆی .. سەرێکی بەرز کردەوە و خەسیەکی لێکرد ، وەک پڕی بێ : زلە ! تۆپێکی جگەرە و شەربەتی

ەانی لەک ناکەیتەوە ؟
(قوربانت بم گوێی من .. ببووڕە ! .. فەرمووی دە .. ها .. ئەوە پارە .. بەڵێ شەربەتەکی تر بکەن)
دەستی خستە سەر مایکەکە و نامەیەکی دەنگیی بە بەڕێوەبەری ئاژانسەکەیان نارد :
(قوربان چی بکەم ؟ لە دونیادا تەنها ووداو کە نەکەوتم کردبێ، بوورانەوەی بەنگلادیشییەک بوو ، سەرتا وامانزانی گیانی لە دەستداوە ، دوایی هەستایەوە سەرپێ ..زەریش ئەگەڕێم .. گوێ قەناخ ئەکەم . . ئەم دوو هەڤاڵە وەک زەر ئارامە ..)
بەڕێوەبەر ویستی پێی بڵێ گوێرەکە لە گوێی چ گایەکا خوتووی ؟
کەچی ووتی : گوێ قەناخ کە ، لە سەبەری چ دارتوویەکا خوتووی ؟ ووەک ئارامی چییە ؟ ئەیهاوار .. لە سەرەک وەزیرانەوە هەتا پاسەوانی باخچەی ساوایان ، شیر و تیر لە یەکتری ئەسون .. هەڤ نییە ، دوو سێ پیاوی گەورە نەکوژرێن و ..چوار پێنج قەبەست و شوێنبزر نەکرێن .. سەیری ئاژانسەکانی تر بکە ، هەر ئەچیتە ناویانەوە ئەبە خەت بەی بە عەرزا ، ئەگینا بە فیشەک سەرت هەڵئەگرن ..فەرمان خەی کوشت ..فیسار خەی خنکاند ..فەرمان نووسەری بەناو بانگ ەای کرد بە ئەوروپا و بوو بە ئاشەوان ..ژمارەی قوربانیانی شەڕ تەقەکە گەیشتە چوار کەس ، هەر چواریشیان ئامەزا و خاڵەزان ـــــ
لەردا نامەی دەنگەکەی وەستا ، لەوە ئەچوو پاتری مەبایلەکەی وەستابێ ، بەڵام بەڕێوەبەری ئاژانس هەر بەردەوام بوو لە قسەکردن :
(ئەی ئەوانە هەواڵ لە کوێوە دەنن ؟ هەواڵی وا خونناوی و بە پڵڵە ..هەشتا خسووکە بوکەکەی نەکوشتووە ، ئەوان یاویانە لە شیش و کردوویانە بە هەواڵ .. هەشتا زاواکە دەستی لە خەزووری نەوشاندوە ، ئەمان براندی دەمانچەکە و ژمارەی فیشەکەکانیشیان دابەزاندووە .. هەشتا منااڵکە نەکوتەتە ناو بیرەکەوە ، ئەوان وەنەی بنی بیرەکە و سورەتی حەزرەتی یوسفیشیان دابەزاندووە ..ئەی چەن ، ئەوانە پێیامنەرن ، نەک جەنابت ، بە دوو ڕێژ ، تاقە هەواڵەکیەکت ناردووە ، بەنگلادیشی مرد ..بەنگلادیشی مرد .. دوایی دەرکەوت نەمردووە و.. ئەسڵەن بەنگلادیشیش نەبووە ، کوڕەکی ئەسمەری خەڵکی تەپەکوڵە بووە ..)
بە تەنیشت قەسابخانەیەکدا ڕەی ، بەنی شەڕەکی ئەکرد ، بەیە خەی مات دا و قیدیەی مەبایلەکەی خستە سەرپێ ، چاوەڕەی قەسابەکەی ئەکرد کەردەکەی بەرزکاتەوە و کابرا بکوژێ ..
(کیلەی دوگ چەن بووە بە دوانزە هەزار ؟) کابرا بە ناڕازییەکەوە قامکی لە دوگەکە ئەدا و بەردەوام بوو (خەزگە لە دوگیش بچووایە ،

زەرد ..زەرد ، ئەی کاستەری خواردووە)
قەسابەکە ووتی : (برا جوانەکەم ! ئەوە بە دەست من نییە ، بە سەیری جلانە و پەتپەتنی نرخی دلار بکە ، مەکە ئەکەی ، هەشتا نەتبەستەوە ،بووە بە مریشک .. یان لەت ئەکەن بە حوشتر . . حوکمەت بە دلارەوە گرتوویەتی ..)
شانسی ئەم ، قەسابەکە دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکان بوو ، بەشی پەیکەرسازیی و ..لە ناچاریدا بوو بوو بە قەساب ..ئەوەندە ناسک و نەە قسەی لەگەە خەکەکەدا ئەکرد ئەتوت باسی سیمفۆنیای هەشتی بیتهۆڤنیان بە ئەکا ..
(سەیری پەیجەکان بکە) بەەوەبەر کەوتەوە نامە ناردن (کوەک ئەم بۆیانییە ، بە چەقۆ برا گۆرەکەی کوشت ..دایک وباوکەک لە شیرین خەودا ، سەری کوەکەیان بە خشت پان کردەوە ..کچەک لە ژووری پشتەوە ، خەی خنکاند ..وەات ئارامە ؟ ها ؟ بەس پەم بەە تە خەریکی چیت ؟ معامەلەی کلکە ماسیحە ئەکەی لە گوزەری کەوفرەشاندا ، چەم دەرئەهێنی ؟)
(نا قوربان .. شتی وا چەن ئەبێ) لە دەی خەیدا ووتی دە وەرە ئەندازەی تەلاسازیی تەواو بکەیت و بە پاروەە نانە ، ئەم هەموو تەە تەەت بەسەردا بکەن .. لەبەر کەمپانیا و ئەندازیاری تورکی و ئەرانیی ، کەس ئاوە لە ئەمە ناداتەوە ، ئەگینا من لە کۆە و پەیامنەریی لە کۆە : (هەندە لەو هەوالانە درەن .. پەنجا جار یاس خزریان مراند ، کەچی دونە لەگەە کچەکی شەخ و شەنگا تراکەکی دابەزاند .. ەەژ نییە عادل ئیمام نەمرەنن .. کابرا بریندارە ،ئەەەن مرد ..یان ئەەەن لە گوندەکی زیقار ژنە مەردەکەی سەر بەی یان هەرامەکەی بە بەی ..ئەوانە هەموو درەن .. من نامەوە هەوالی درەت بە هەەبەستم ئەگینا پەیجەکەت بە ئەکەم بە توبی عەدلیی ..)
(با واز لە هەوالی کوشت و کوشتار بەنین .. اپەرتەکم پەیە ، بەوا بکە دەنیام خەکەکەکی زەر ئەیخونەتەوە و .. فەە و لایک و سەبسکرایبمان ئەفەن .. باسی پزیشکەەک ئەکا ، لە تەلارەکەکی پزیشکیدایە ، دەرمانخانە و تاقیگە ، مانگانە کرێی شوقەکەی بە دەدەن کە یەک ملیەن دینارە .. کرێی ئاو و کارەبای نیشتمانی و موەلیدە و ئەنتەرنەتیشی بە دەدەن ..لە هەر فەحس و دەرمانکیش کە بەیان ئەنەرە ، سەدا پەنجای قازانجی ئەدەنە ..مناەەکانی لە قوتابخانەی تورکیی ئەخوەنن و خەرجی ساانەی خوەندنیان ، لەسەر دەرمانخانە و تاقیگەیە .. هەموو هەفتەیەکیش جارەک ، دەعوەتەکی شاهانەی لە یەکەک لە ێستەرانتە گۆرەکانی شار بە ساز ئەکەن .. هەر ئامەرەکی پزیشکیی نوە دابەت ، بەی ئەکەن و لە پاکەتەکا ئەیازەننەوە ،

Seen by Nawzad Bandy at Sun 5:36 AM
Nawzad Bandy
ئەستا بیانووی ئەویان پێ ئەگرێ کە تەلارەکی پزیشکیی تازە ئەفەری زیاتریان بە ئامادەکردووە و ..سەرباری ئەوەی تەلارەکیان تازەترەکە ، ساڵانە دوو گشتی کەناراوەکانی ماڵدیف و یەنانیشی بە دەکەن و.. هەفتەی جارەکیش ، کورسی پشوەی یانەی شەوانەی پێ لە ئافرەتی شەخ و شەنگی بە دابین ئەکەن ..لەگەڵ سویچی ئوتومبیلەکی کیلەمەتر سفر ..)
بەڵام وەبەری پێچ ، کە لە سەوزەفرۆشییەوە هەنابووی و..چەندین ئیشی وەک ئاژەڵفرۆشی و .. حیمایەی بەرپرس و ..خانوو فرۆشی و ..باخەندە فرۆشیی کردبوو ، زەر تووڵە بوو ، خەریک بوو ئەو نیشانە ڕەشەی کە هەندەی دەنکە گەیژەک ئەبوو ، لە سەبەری لای چەپی لوتیدا ، لە بندا دەربەنە ..(ئەرە تە تەبیعیت ؟ چەن لەسەر پزیشک و شت ئەنووسیت ؟ ئەی نازانی هەر یەکەکیان کومەڵە مەسئول و شت لە پشتیانەوە خەیان مەڵاس داوە و .. هەرچی بکەن ، ئەیکەن .. ؟ بە تەمای ئاپەچی دادگا و زیندان و تەحقیقمان بکەی ؟)
لە دڵی خەیدا ووتی : ئەمە چ تەپەڵە گەمژەیەکە ! خوایە لەت ئازیم ، بەڵام ئەمە کەمەگا نییە منی تەدام .. هیچ کەسە لە شوێنی خەی دانەنراوە ..ئەم بەڵەوبەڕی من ، حەق وابوو ببێتە جەلاد لە زیندانی دیکتاتەرەکا ..کەچی بووتە ڕەژنامەنووس و ڕەژی سەد قاوە لە ئەفەسەکەیدا ئەخورێتەوە ..
(هەروەها ئاپەرتەکی ترم بە دەستەوەیە باس لەو مامەستایانە ئەکا کە قەرزارن ، کەچی خەیان وا پیشان ئەدەن شاهانە ئەژین و .. لچ لە کاکانی بایعیی میریی هەئەقورچنن و نایبەنە ماڵەوە ، هەر لەوە بە نرخی خەڵ ئەیفرۆشنەوە بە بایعە چاوزەقەکان ، کە بە جەرە نرخی کاکان ئەشکەنن وەک بڕی بە کاری فەڵدانیش نایەن ـــ)
لەو کاتەدا لەسەر شەقامەکە ، کابرایەکی چاویلکە لەچاوی پان و پڕ ، دەستی برد لە گیرفانی شەواڵە پان و پڕەکەیدا ، دەمانچەیەکی گەورەی میکارفی دەرهێنا ، لە حاڵەکدا دەمانچەی ئەخستە سەرپێ و لە هەمان کاتیشدا ، مامەستایەکی ئاینیی کە لە پشییەوە ئەڕەیشت و دەستەکی بە مناڵەکی حەوت ساڵانەوە بوو ، دەستەکەی تری دوو عەلاگە تەماتە و باینجان ..پێش چرکاندن و کوشتنی مامەستا ئاینییەکە ، ئەم لە جیاتی وەڵەی بگرێ ، بە هەموو هەزییەوە باوەشی کرد بە کابرای پان و پڕەدا و ..ویستی بیدا بە زەویدا نەیتوانی ، دەمانچەکەی میکرۆفیش لە نەوان سنگ و سکی هەردووکیاندا ئەهات و ئەچوو .. مامەستای ئاینی و خەڵکەکە تەکەا شەڕان و بەملاولادا ئایاندکرد .. دوو پۆلیس لە دوورەوە وایان نیشان دەدا ئەو دووانە

دانس ئەکەن نەک زەران ..
کابرای پان و پۆ ، هانکە هانکی پێ کەوت ، چونکە ئەم زەر بەتوندی باوەشی لێ نابوو ، خەریک بوو هەناسەی ئەبڕی ، بە حاڵ ئەیتوانی هەندێ جنێوی پیس لێ دەم و لچی شینەوە بووکەیەوە بێتە دەر ..جنێوگەلێکی وا بتکردنایە بە گەشتی بەرخەوە ، سەگ بەنی پێوە نەدەکرد ..
پێیامنەری پێیجەکان لێ پەناو پاسارەوە خەیان دابوو بە زەویدا و خەریکی وەنەگرتنی گەرمە هەواڵەک بوون .. ..
(پێیامنەرەک و پیاوکوژەک لێ ململانێ و دەستوێخەدان ..پیاو کوژەکە دەمانچەیەکی میکارۆفی بە دەستەوەیە ، لێ تەکاریفیش ئەچێ ، بەڵام ڕەنگی تەری دەسکەکەی زیاتر ئەمانباتەوە سەر میکارۆف ..پیاو کوژەکە لێ هەوڵی خۆ دەربازکردنداید ، بەڵام پێیامنەرەکە ناهەقت و …پەلیسەکانیش لێ دوورەوە پێدەکەنن وەک ئەوەی سەیری زەرانبازی نەوان شاری شاپل و پیاوە قەڵەوەکە بکەن .. ئەمە لێ شەقامی تەنیشت چوخمەکەین ، خەڵکەکی زەر ئادەکەن و..ئوتومبیلەکان پاشە و پاش ئەگەڕێنەوە و هەڵدەن .. بە لایەنی کەمەوە دوو ئوتومبیل لێ یەکیان داوە و .. هەروەها ماتەڵکی دەلیقەری وەرگەڕاوە ، نازانرێ ئاخە سەرنشینەکەی مردووە ، یان بریندارە ..کەس نایپەرژێتە سەر کەس و پیاو ئەو پیاوەیە خەی دەرباز ئەکا .. ..)
ناڵەی فیشەکەک ..بە دوایدا فیشەکەکی تر ، کەترە شینکەکانی سەر گومەزی مزگەوتی خانەقای هەڵفڕاند .. ئاکردنی پیاوەکی دەم و لچ شینەوەبووی پان و پۆ و .. شل بوون و کەتنە سەر زەوی پێیامنەرەکە لێ یەک کاتدا بوون.. جا پەلیس و خەڵک و پێیامنەرەکان ، پێش مەشکان گەیتشتنە سەری و نیشتنە سەری لە چواردەوری کەبوونەوە بە جۆرێک بواریان نەدەدا ئەمبوانسەکە بیگەیەنێتە نەخۆشخانە .

بە لایەنی تورکیا لە میانی شەری دووەمی جیهانی.. ڕێبان محمود

حەمەد

تورکیا دوای سەرهەلدانی شاری دوەمی جیهان سوور بو لەسەر ئاوەی کە بەبە لایەنیەوە پابەندبە ، بەلام ئەمە رەگای لە تورک نەگرت چاودێری بارودۆخەکە بکەن. دوا بەدوای پەیماننامەی سەقیەت- ئەلمانیا کە لە ٢٣ ی ئابی ١٩٣٩ مارکسرا ، شوکری سەراج ئەغلەی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ئەیلولی ١٩٣٩ دا سەردانی مۆسکۆی کرد، بەلام تورک رازی نەبون دەستبەری بدەن بە سەقیەت بە بەکارهینانی گەروکان لە لایەن هەر دەولەتێکی دژ بە یەکێتی سەقیەت. تا بەهاری سالی ١٩٤٠ تاکە رەفتار کە تورکیا ئەنجامی دا داخستنی گەروکان بوو لە سالی ١٩٣٩ بەروی کەشتیە جەنگیەکانی بیانی . ئەمەش جێبەجێ کردنی هەردوو مادەی ٢٠و ٢١ کە لە پەیماننامەی مۆنترەدا هاتبون، خۆ بەدەستەوەدانی فەرەنساش لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٠ لە بەردەم ئەلمانیادا، یارمەتی تورکی دا کە پابەندبن بە هەلوەستی بە لایەنی . دکتۆر رەفیق سایدام سەرۆک وەزیران(٢٥ی کانوونی دووەم ١٩٣٩- ٨ی تەموزی ١٩٤٢) لە حوزەیرانی ١٩٤٠ دا بە ئەنجومەنی نیشتیمانی رایگەیاند کە تورکیا لە بەرامبەر ئاوەی کە رویداوە. خەی دوور لە شەر دەگرێ.

تورکیا سوور بوو لەسەر ئاوەی کە دەولەتانی بەلکانی دەوروبەری نەخرێنە ناو شەرەوە، لە میانی سالی ١٩٤٠ دا تورکیا لەوە دەترسا ئەلمانیا بەرەو رژەهەلات بچێ بەیە چالاکیی خەی نواند بە ئاراستەی بەتین کردنی یەکێتی نەوان دەولەتانی بەلکان و گەیشتن بە جەرەک لە رکەوتن سەبارەت بە ململانێکانی هەرەمی ، بەلام سەرنکەوت، رەمانیا وبولگاریا وردە وردە لە دەوری ئەلمانیا دە خولانەوە لە هەمان کاتدا داگیرکردنی یۆنان لە لایەن ئیتالیاوە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٠ دا گرفتێکی گەورەی هینایە ئاراوە. بە شۆیەک کە ئەنتۆنی ئیدن وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە شوباتی ١٩٤١ دا سەردانی ئەنقەرەی کرد بە باس کردنی هەلوەستی سەربازی لەگەل سەرانی تورکدا، هەروەها بە وەرگرتنی رەزامەندیان سەبارەت بە بەکارهێنانی سوپای بەریتانیا لە بەرگری کردن لە یۆنانداء لە مانگی حوزەیرانی سالی ١٩٤١ دا تورکیا خەی بە شۆیەک بینیەوەکە چەندین ولاتی ژێردەستەی هەزکانی سەربازی ئەلمانیا دەوریان داوە. لەوانەش یۆنان و یوگسلاڤیا و کریت و رەمانیا بولگاریا و سوریا ، تەنانەت دورگەکانی یۆنان لە دەریای ئیجە نزیک لە کەناری تورکیا کەوتنە چنگ ئەلمانیاوە. لەرەوە سەرانی تورک دەرکیان بەوە کرد کە بەرژەوەندی تورکی دەخوازێ بەلەنگ لە ئەلمان وەربگرن کە دەست

درێژی نەکاتە سەر ولاتەکەیان، (فەن باین) ی بالیۆزی ئەڵمانیا لە ئەنقەرە توانی تورکیا قایل بکات تا وتوێژ لەگەڵ ئەڵمانیا دا سازبکات بۆ پڕۆپۆزەکانی نەوانی هەردووڵادا. ئەوەی یارمەتی ئەم خاڵەشی دا چەندین فەرماندەی سەربازی تورک بوون ،کە هەستی خۆشویستیان بۆرامبەر بە ئەڵمانیا هەبوو ، بۆیە تورکیا پەیماننامەی دۆستایەتی و پەڵاماردانی لەگەڵ ئەڵمانیا لە ١٨ ی حوزەیرانی ١٩٤١ مۆرکرد کە ماوەکەی ١٠سال بوو. هەروەهاڵە 5ی تشرینی یەکەمی ١٩٤١ دا رێکەوتنامەیەکی بازرگانی لەگەڵ ئەڵمانیا مۆرکرد بەم پێیە تورکیا ٩٠ هەزار تەن مادەی کرۆمی خاوی گرنگ لە سالانی ١٩٤٣و ١٩٤٤ بە ئەڵمانیا دانێرێ لە بۆرامبەر دا بە بە های ١٠٠ ملیۆن لیرەی تورکی و چەک و کەرەستەی جەنگی لە ئەڵمانیا وەردەگرێ .

هاوپەیمانان هەوڵیاندا تورکیا قایل بکەن لە پال ئەواندا بۆزداری لە شەردا بکات بۆتایبەتیش دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هاتە ناو شەڕەوە، هەروەها رێکەوتنی هاوپەیمانان لە هەردو کۆنگرەی مۆسکۆ و تاران کە لە سالی ١٩٤٣ دا بەستران کە پێویستە تورکیا لە کۆتای سالی ١٩٤٣ دا بۆزداری لە شەردا بکات ، هەوڵەکی زۆری فشاری دیبلۆماسی لەگەڵ تورکیادا درا لەوانەش داواکەی هەریەک لە (ڕۆزفلت) ی سەرۆکئ ئەمریکا و (چەرچل) ی سەرۆک وەزیرانی بۆریتانیا کە ئاراستەی عیسمەت ئینۆنیان کرد دوای گەرانەوی لە کۆبونەوەی تاران کە لە تشرینی دوەمی ١٩٤٣ بەسترا. داواکەش بریتی بو لەوەی کە هەنگاوی تورک لە بنچینەدا لەسەر ئەمەی رازی بون بەلام رازی بونەکەیان بەوە بەستەوە لە هاوپەیمانان جارێکی دیکەش چەکی پێ بدەن.

دیارە تورک هەستیان کرد کد تەرازوی هێز لە شەردا لە بەرژەوەندی هاوپەیمانداینە و شکستەکانی ئەڵمانیاش بەدەر دەکەون. بۆیە هەندە هەنگاویان هەڵنا لە وانە ١٤ ی حوزەیرانی١٩٤٤ دا رایانگەیاند کە تورکیا گەروکان بە رووی کشتیگەلی ئەڵمانیا دادخات بە پێی پەیماننامەی مترەو ڕێکەوتنامەی ١٩٣٩ ی نێوان تورکیاو بۆریتانیاو فەرەنسا . دواتر لە ٢٢ی شوباتی ١٩٤٥ دا شەریان لە دژی ئەڵمانیاو ژاپۆن لە ١ی ئادار رایگەیاند. ئەگەر لەم هەنگاوانە بروانین ، دو شتمان بۆ دەردەکەوێت یەکەمیان : ئەم هەنگاوانە شەوین زیاتر لەوەی کە ناوەکی بن،چونکە شەر کۆتای دەهات و تورکیاش بۆراستی بۆزداری شەری نەکرد.

دوەمیان: بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تورکیا دەیویست کورسیەک لە کۆنگرەی نێتەوە یەکگرتوەکان مسۆگەر بکات کە پێشنیاز کرابوو دابمەزرێ ، بۆتایبەتی کە کۆنگرەی مالتا ڕێگای بۆ دەوڵەتانە نەدا

کە شەریان دژ بە تەوەر ڕانەگەیاند بو ، ئامادەی کەنگرەکە بن کە لە ٢٥ ی نیسانی ١٩٤٥ لە سان فرانسیسکۆ بڕیار بوون بە دارشتنی پەیماننامەی دامەزراندنی دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان و لە ٢٦ ی حوزەیرانی ١٩٤٥ دا کۆتای پێ هێنا و بەم شیوەیە نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزرا و تورکیاش بوە ئەندامی کارا لە ١٥ی ئابی ١٩٤٥ دا داوای ڕەامەندیی پەرلەمان لەسەر پەیماننامەکەی.

وەستانی تورکیا بەبێ لایەنی لە میانی شەردا کارێکی ئاسان نەبوو و زۆر گران لەسەری وەستا. چونکە ناچار بو سوپایەک بهێڵێتەوە کە ژمارەکەی یەک ملیۆن جەنگاوەر بوو . هەروەها کاروباری ژیان لە زۆربەی دەزگاکانی دەولەت وەستا لە ئاکامی پەیوەندی کردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە سوپاو هێزی چەکداری تورکیا هەرچەندە تورکیا بڕیاری شەری نەکرد بو بەڵام شوێنەواری شەر بە ئاشکرا بە کەمەڵگەی تورکیەوە دیار بوو. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە سامانێکی زۆری ئابوری ولات خرایە خزمەت سوپاوە. بەیە گەل مەینەتیەکی زۆری چێشت، هەر بەو بۆنەیەوە ناچار بوو کۆرستەی خۆراک بکاتە پسوڵە، لە ئاکامی ئەو کارەشدا نرخی کالای بەکاربردنشی بەشێوەیەکی زۆر بەرزبوەوە. لەبەر کەمی لایەک و وەستانی بازرگانی نێودەوڵەتی لە لایەکی دیکەوە. وە بارگرانی ڕەوشۆنی ئابوری لەسەرشانی تۆڕی مامناوەندی و هەژار ، لە تۆڕی دەوڵەمەند زیاتر بوو، چونکە پەیوەندی کردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە سوپاوە بوە هۆی کەم بونەوەی کرێکار ، بازرگانی دژەکیش روبەروی قەیرانی ئابوری بوەوە. ئەمە سەرباری ئەو پارە و سامانە زۆرەی کە حکومەت بە کرینی چەک و کۆرستەی سەربازی تەرخانی کردبو، حکومەت ناچار بو یاسای بەرگری نیشتیمانی لە ١٨ی کانونی دوەمی ١٩٤٠ ڕاگەیاند کە دەسەلاتی زیاتری بە حکومەت دا تاکو چاودێری چالاکیەکانی ئابوری بکات، لیژنەیەکیش لە سەرۆک وەزیران و وەزیرانی ئابوری و دارای بەرگری چەندی دیکە پێکهات بە جێ بەجێ کردنی یاسای ناوبراو. وە پرسیارو بۆچونی زۆریش دەخرایە ڕوو سەبارەت بە سودی بەردەوام ، بونی سیستەمی تاک حزبی لە حوکمی ولاتدا ، بە تایبەت کە ئاراستەی ڕای گشتی جیهان بەرەو زیاتر کرانەوەی دیموکراسی و چەسپاندی پرانسیپەکانی ئازادی هەنگاوی دەنا ، ئەم هەمو بانگەوازانەش ئاماژە بون بە دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێی مێژووی تازەی تورکیا، کە بریتی بوو لە سەرهەڵدانی دیاردەی فرە حزبی.

پەیمانی وەستاندنی شەڕ کۆپەیمانی (مەدراس) ناسراو.. بۆخاڵی سوور علی

دەوڵەتی عوسمانی بەر لەساڵی ١٩١٤ توشی داڕزاوی وتەنگ وچڵەمەیەکی زۆر گران بوو بوو، بەهیچ شێوەیەک چارەسەری ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی پێنەدەکرا کەبە (پیاوە نەخۆشەکە) ناوبانگی بۆاو ببووو. تاقمی (ژون تورک)کە نەخشە کێشی هاوکاریکردنی دەوڵەتی عوسمانی بوون لەگەڵ ئەڵمانەکاندا ودوای ئەم شکاندنەی بەسەر تورکدا هات، ژون تورکەکان هەریەکەیان بەشێوەیەک خەیان دورخستەوە لەئەرکی ئەوبارگرانیەی بەسەر وڵاتدا هاتبوو، سوپاکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان ئاژنە ناو خاکی تورکیاوە وپاشماوەی خەلافەتی عوسمانیان ناچارکرد پەیمانی(مودراس)مەربکات وبەریتانیا وفەرەنسا وئیتالیا هەریەکەیان دەستی بەسەر ناوچەیەکی تورکیادا گرت بۆئەستەمبۆلی پایتەختەوە ،دەربارەی پەیمانی مەدراس (ویچارد ئالینسۆن) لەلاپەڕە ١٩ی کتێبەکەیدا باسی مەرجەکانی ئەم پەیمانەی کردووە کە لە(٣٠/١٠/١٩١٨)دا مەرکرابوو کەبریتی بوون لە؛

١-نەهێشتنی دەسەڵاتی مەرکەزی لەئەستەمبۆڵدا بەسەر شوێنەکانی تردا.

٢-هێورشاندنەوەی هێزی سوپاکانی عوسمانی.

٣-ئەو شوێنانەی لەئەفریقادا بەر لەشەڕ لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون هەمووی دەخرێتە ژێر سایەودەسەڵاتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە.

٤-سەربەستی هاتووچۆکردن وتێپەڕبوون بەناو تەنگاوەکاندا،وبەکارهێنان لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە.

٥-دانی دەسەڵاتکی تەواو بەسوپا وهێزەکانی هاوپەیمانەکان لەهەر شوێن وناوچەیەکدا کەبەپێویست بزانرێت بۆ دابینکردنی ئاسایش لەجیاتی هێزەکانی تورک (ئەوەی شایانی باسە دەربارەی هێویست بەرامبەر بەکوردستان ومافی کورد.

کورد لەدیکۆمێنتکی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا لەژی ٦/٣/١٩٢٠ باسی تلگرافکی شێخسی ونهینیکراو کەلەهەمان رۆژدا کەلەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاوە نێردراوە بۆ (ئەدمیرال روبیک) کەلە ئیستەمبۆڵ بووە لەوتلگرافدا وتراوە.
((تەلگرافی ژمارە /١٦٩تا لەسەژی ٢٧/٢/١٩٢٠دا، هیچ باس وپێشنیارێک نەخراوەتە بەردەمی کەنفرانسی ئاشتی دەربارەی ئەوەی کوردستان لەژێر حیمایەتی فەرەنسا وئینتگلتەرا بێت وباسی دواڕۆژی کوردستانیش نەکراوە،
بیر لەوە کرابووەوە کوردستان لەتورکیا جیابکرێتەوە وسەربخۆ بێت وبپارێزرێت بەڵام بەجەهەنانی ئەوە هەشتا نەخراوەتە بەرچاوە ونەخراوەتە کار ،ئەم تەلگرافەشت بۆیە بۆ دەنێرم بۆئەوەی ئەو پێوپاگەندانە بەدەربخرێتەوە کە لەم ڕۆژانە باودەکرێنەوە))

بەگومان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەمەڕبوو مرخیان لەوڵاتی عوسمانی خۆشکردبوو،هەریەکەیان ئاگەر بۆی بکرایە هەموو میراتەکەی عوسمانی بۆخۆی دەبرد وبۆجگە لەڕوسیای قەیسەری کەبووبوو بەسەقیەت ووازی لەوبەشە هەنابوو کەپەیمانی (سایکس بیکۆ) بۆی تەرخانکردبوو، ئەوانیتر وەکو بەریتانیا وفەرەنسا وئیتالیا هەریەکەیان بەشێوەیەک هەڵپەی دەکرد، لەوانە بەریتانیا لەهەموویان زەرتر توانیبووی مەبەستەکانی خۆی بهێنێتەدی.
دەربارەی هەڵپەی ئەو دەوڵەتانە (Patrick Kimross) لەلاپەڕە١٣٩ی کتێبەکەیدا ،باسی چۆنیەتی دابەشکردنی بەشەمیراتی عوسمانی کردووە کەتوویەتی:(لەدوای تەواوبوونی شەڕ،حکومەتی بەریتانیا لەبەردەمی چوار شتی قبوڵکراودا وەستابوو:
یەکەم:ئەو بەشەی کە بە ڕوسیای قەیسەری دانرابوو بەپێی پەیمانی سایکس بیکۆ،دوای ئەوەی سەقیەت جێی روسیای قەیسەری گرتەوە وسەقیەت وازی لەو بەشە هەنا ئیتر پێوسیت بوو نەما باسی ئەو بەشە بکرێت.
دووەم: بەپێی پەیمانی سایکس بیکۆ دەبوایە بەشی زەری وڕاتانی عەرەب لەنێوان بەریتانیا وفەرەنسادا دابەش بکرێت وبەپێی ئەو میسۆپۆتامیا بە بەریتانیا وسوریا وناوچەی کیلیکیا بە فەرەنسا دەبوو.
سێیەم وچوارەم:ناوچەی (ئەدالیا)هەتا دەگاتە (کیلیکیا)بە ئیتالیا دەبێت لەگەڵ دورگەکانی (دودیکانیز)ومەبەندی (ئەزمیر)لەگەڵ زەوی وزارەکانی دەوروبەری.
بەم جۆرە لەدەرەژی باسکەماندا دەماندوێت بڵێین ئەوەی بە تورکیا دەمایەوە بریتی دەبوو لەچەند ناوچەیەکی کەم لە (ئەناتۆلیا)وچەند هێڵەبازێک کە دەگەیانەسەر دەریای ڕەش ودەریای ئیجە، بەڵام لەهەمووی

گرنگتر ئەو چاوتێبینیەی یونان بوو کە بۆتە مایەی دوای شەڕ دەستگیربێت وئەوەبوو لەسەرەتای سالی ١٩١٥دا(سەر ئەدوارد گرای) گەلێک ئیمتیازاتی دەستیشانکردبوو کە بەدرێت بە یونان وسەرەک وەزیرانی یونان(ڤنزولوس) ئەوەی پەسەندکردبوو کە ئەمەش بۆتەمای دروستبوونی یونانێکی گەورەبوو کەهەموو ناوچەکانی (Heilenism) بگرێتەوە،لەدوایيشدا ڤنزیلوس لە(لوید جۆرج)نزیکبووەوە بەهیوای ئەوەی دەست بەسەر هەموو کەنارەکانی دەریای ئیجەدا بگرێت، لەکاتێکدا بەیار وابوو ئەوبەشە بکرێت بەئیتالیا.
ساتێک شەڕ بەایەو،دوای دوومانگ پاش کۆنفرانسی پاریش، ڤنزیلۆس ئەو داخوازیانەی خستە بەرچاوی ئەنجومەنی باڵا لەپاریس، لای (لوید جۆرج) ئەو داخوازیەی ڤنزیلۆس شتێکی نەوابوو وبەسودیش بوو چونکە بەمە یونانیەکان دەیانتوانی کارێکی وابکەن لەناوخاکی تورکیادا هەگەیەکی باش ولەبار دابین بکرێت وبپارێزرێت بە هاتووچۆکردنی هەگەی هندستان و(لەرد کرزن)یش لایەنگری ئەم بۆچوونە بوو.

تابلۆیەک بەدیوارێکی بەدڵاقەوە.. عارف کوردە

لەپشت دڵاقەیەکەوە
ێزێک تابلۆی،
هەنگاوەنگ هەواسراوە
باوەکی پە نهێنی..
نیشتیمانێک بەندکراوە..
خەرتاو بەگەردنی
گەردڵوولەوە نووساوە
پاساریەک کولەیەک،
بەدەنووکیەوە
پێچوکانیش دەمیان داپچاوە
ئەفسانەکان دووبارەدەبنەوە
حیکایەتخوانەکانیش،
بنەشتەکانیان دەجوونەوە
زەردەخەنەکان،

بەبەردەوامی وێنەدەکێشن
چەقەکان زمان دەگەزن
بەفر.. لەکفن ئەچێ
تاریکی..،
بەکێی شەوەیە
وەک دارکی قرپێک
قرچەقرچی دێ..
بەسەر جەستەیەکی شکەتەوە
درەختێک، هووتاوەتەوە
هەنگی پەونەماوە
لەو ژنە ئەچێ..،
لەبیابانی مەرگ گەابتەوە
ئومێدەکانی خەتانی خوێنکراوە
کەلی ژوورسەری،
مژوویەکی هەشی پەویە
گەکەی بەنی سەوی لەدە
لەگەڵ بارانداد.. دەبارێ
ئاسمان، ئەو ئاسمانەی جاران نیە
خەڵەمشاوی لەدەچەڵە
خاچەکەی عیسا،
بەهەموو دیوارەکەوە داکوتراوە
مریەمەکان پاکیزەیان لەدەستداوە
مەدەلی ئەم زەمەنەن
باهەزی نەو هەنراوەکانن
پەنجەکان ئەقیژێننو،
لەحەزمەتا دووکەڵیان لەبەرزدەبێتەوە
شەختە، کراسی ئاگری لەبەردایە
لەژێر تریفەی هەیڤکی شارەوەدا
زستان.. گەیەکی وشکەوەبوە
هەوە چەلەکە هەدەفەن
تابلۆیەکە بەسنگی هەورەوە
دەبنەوە بەتەرزەو
ملی گوڵگەنمەکان دەپەڕێنن
مردووەکان.. هاوار هاوار دەکەن و
هەموومان، کۆی مریەمەکانین
لەپشانگایەکی بەناونیشان.

بە هەی منەوە بوو.. احمد مطر.. وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

(فیکرەی ئەم پەخشانە شیعرە شیعرەکی
شاعیری ناسراوی عەرەب"احمد مطر"ە)
""""""""""""""""""""""""

خۆکینا :
هەرچیەکتان لە قەوماوە
وا لە ئێستەی منا
ڕۆز و بەستان و ئاوە ڕەشەکەی ژەرتانم دزیوە
خاک و ناموستانم ئێتک کردوە
هەرچی لای ئەوە گران بەهایە
هەمووبم ئێتک کردوە و وا لە ئێستەی منا
دەرپڕانتان لە هەموو شوێنێ
چرای دە و قودسەکەتانم فوو لە کرد
بەڕۆ ،،،وا لە ئێستەی منا
کە من هاتم شار چۆڵ کرا
من بووم لەهەموو شەڕەکانا
فەرمانی پاشە کشەم یا
هەڵەکانیشتان پاشەکشەیان کرد
من شکستم پێ هێنان
من ئاوارەم کردن
وەک"کا" و "قامیش" فرێشتنم لە بازاڕا
من بووم هەرچی دەمی بکردایەوە
ئەمووت: زیاد لە پێویست قسە ئەکا
هەرچیەک ڕووی یا
بە هەی منەوە بوو
جگە لەوەی من ووتومە
هەرکەسێ چی ووت درێ
کە خاک و نانی ئەوەی بردوە
جگە لە "من"ەک
وەک چۆن ئێتکم کردن

خەشم ئەتک کرا !!
بە هەموو جورئەتکەوە
بە هەموو بە ئەدەبییەکەوە
ئەم :
هەرچیەکتان لە دزرا
من بردومە و لە کەسیش ناترسم
ئەی من ، بەخشیتان بە یا بە تاڵیی
سەرکردە هەبژێراوەکەتان نیم..!!
هەنگە کەس هەینە بژاردبم
بەڵام گەر داوایەکم هەبوو
کەس ئەڵێ: نا..!!
ئەیکوژم..لە خوێنی خۆی غەرقی ئەکەم
وەک ئاوەی کە "هەم" قبوڵم کەن ، یان
بچن ئاوی "ڕووبارە خوێن" بخەنەوە
دوای ئاوەی گیانی تووڕەیی و بێرنگاریم
تیاتانا کوشت
فەرموو تووڕە بن…
سەری خەتان بکەشن بە دیوارا
دوای ئاوەی فەری گەعدە و دزی و سەرچەپیم کردن
دوای ئاوەی قەناعەتم پێ کردن
ناڕەزایی جگە لە ئاژاوە گەڵی
هیچ نیە و دوورە لە مانا
کە فەرم کردن: سەرچاوەی بە دەنگی ئاڵتونە
دوای ئاوەی کردمن
بە سەهۆڵ بەندان و تەختە و ئاسن
دوای ئاوەی هیلاکم کردن
تا ماندوو بوون و نیگەرانی
لەبەر یەک هەیەتکانن
ئاوە وەک بووکەشووشە و شەقشەقە
"یاری" ن لە دەستما
هەرچیەکتان بە سەرا هاتوە
وا لە ئێستەی منا
بە ئارەزووی خەتان لە هادیە و سەتەلایتەکانا
بەڵن : بە نەعلەت بە وەک شەیتان
خیانەتم لە کردن
مەلعون کوەی مەلعونم
بە چی ئەچێ…!

کە هەر یەکەتان ئایەوە لە ماڵەوە
بە هاوار و جۆن و بەڵێ بڵێ
لە ناوم بڕن..!
من تا ئێستاش هەموو پڵە و ناسناوەکانم لە گیرفانایە
وەک " مار " سەردەرئەهێنم
هەر کە" سەر"م وون بوو
تاوان نامێنێ لەبەر چاوا
ئێستا ئێزانن من کێم..؟
من سەرەکتانم
هەرچیەکتان لە بەسەر هات
….وا لە ئێستێ منا

(بوکێ سورە) ی سەردار قادر.. رێزا شوان

وێژەی منداڵان، بەشێکی گرنگە لە رێشنبیریی منداڵان. وێژەی منداڵان زانستی و هونەرە. گرنگی و کاریگەریەکی زۆری لە دروستکردنی کەسایەتی دروست و لە ڕووتی ژیانی ئەمڕۆ و داهاتووی منداڵاندا هەیە. گرشۆ بە دەروون و جەستەی منداڵان دەکات و زاخاوی خەیاڵ و بیر و هۆشیان دەدات، ڕۆڵێکی گرینگیشی لە پەروەردەکرن و رێشنبیریکردن و لە ئاراستەکردن و لە ئامادەکردنی منداڵان بۆ داهاتوو هەیە. لەبەر گرنگی ڕۆڵی وێژەی منداڵان، ئەم سەردەمە بە (سەردەمی وێژەی منداڵان) ناودەبرێت. بیرمەندان و نووسەران و پەروەردەکاران و توێژەران و دەروونناسانێکی زۆی لە جیهاندا سەرقاڵ کردووە. وێژەی تازەی منداڵانی کورد، لە وێژەی کوردیدا، لق و هونەرێکی تازەیە و مێژووی بۆ (١١٧) ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. کە تێکۆشەر و نووسەر و کوردستان پەروەری گەلەکەمان (ئەمین عالی بەدرخان:١٨٥١ ـ ١٩٢٦) لە ساڵی (١٩٠٦) دا، لە شاری (ئەسپارتە) ی یۆنان ـ چونکە بەدرخانی باوکی لەسەر کورایەتی دووریان خستبوو بۆ یۆنان ـ هەنراوێکی، بۆ ناونیشانی (دەلالیا زاروان ـ نازی منداڵان) نووسی و لە ڕۆژی (٢٢/ نیسان/ ١٩٠٦) دا، لە

ژمارە (٦) ی رۆژنامەی (کوردستان) کە لە شاری (قاهیرە) دەردەچوو، بە ناوی خوازراوی (زینە) وە باوی کردووە. دەتوانین ئەو هەنراوەیە، بە سەرەتای سەرهەلدانی وێژەی تازەی نووسراوی منداڵانی کوردی دابنێین. هەر هەمان هەنراوە، لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری (هاوار) کە لە (دیمەشق) بە کوردی و عەرەبی دەردەچوو، لە ڕۆژی (٢٠/ گوڵاوێژی/ ١٩٣٢) دا بە هەمان ناونیشان (دەلالیا زاروان) باوکراوەتەوە. هەر ئەمین عالی بەدرخان هەنراوەیەکی تری بە منداڵان هەنیوەتەوە و لە گۆڤاری (هاوار) دا بە ناونیشانی (لۆریا بەدرخان) وتا (لایلایە بە بەدرخان) ی باوکردەتەوە. کە کامەرانی کوڕی (د. کامەران بەدرخان) دەلاوێنێتەوە، ئەو کاتە کۆرپەیەک بوو لەناو لانکدا. دەقی تەواوی (لۆریا بەدرخان) م، لە پەرتووکی (چەپکەک لە لای لایەی دایکانی کورد) دا باوکردەتەوە، کە لە ساڵی (٢٠١٩) دا چاپکردووە.

بەهام وێژەی زارەکی منداڵانی کورد، مۆژوویەکی زەر دێرینی هەیە، لەگەڵ بوونی گەلی کوردمان لە کوردستاندا، سەری هەڵداوە. بە سەدان چیرۆک و حەکایەت و نەزیلەی ئەفسانەیی و فەلکلۆری کوردیمان بە منداڵان هەیە، کە بە (چیرۆکانی بەرئاگردان) ناویان دەبەین. شایەنی باسیشە کورد خاوەنی کۆنترین لایلایە لە هەموو جیهاندا، کە مۆژووی بە (١٤) هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لایلایەش بەشێکی گرنگە لە وێژەی منداڵان.
(لامارتین) دەڵێت:"جوانترین هەنراوە لە سەرانسەری جیهاندا لایلایەی دایکانە".
لە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی (١٩٩١) لە باشووری کوردستاندا، زەمینە و هەلێکی باش بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی وێژەی منداڵانی کوردمان ڕەخسا. لە ڕووی چەندێتی و چەنییەتی و داهێنانەوە چەند هەنگاوێکی باشی ناوە. کەوتەسەر پێیەکانی. ئەگەرچی تا ئێستاش لە ئاستی خواست و پێداویستیەکانی منداڵانی کوردامان نییە. ئامانج هەی خۆی هەیە. بەهام سەرەڕای ئاستەنگییەکانی بەردەمی و پشتگیری نەکردنی، لە سایەی دەسەزی و هەوڵ و پەرۆشی کەمێک لە نووسەرانی بواری ژانرەکانی وێژەی منداڵانی کورد ـ ئەگەرچی لەچاو ژمارەی منداڵانی کوردەوە، ژمارەیان زەر کەمن ـ بزووتنەوەی وێژەی منداڵانی کوردمان ساڵ لە دوای ساڵ بەرەو پێشەوە و داهێنان هەنگاوی ناوە و دەنێت. ئامانج

مایەی دڵخۆشی و مژدەیەکی گەشبینییە بۆ داهاتووەکی بەرز و شیاوتری وەژەی منداڵانی کوردمان.
یەکێک لەو هەزانقانە ناسراو و دڵسۆز و خەمخۆرانەی پێشکەوتنی وەژەی منداڵان. هەزانقان مامۆستا (سەردار قادر)ە. لە ساڵی (١٩٦٤) دا، لە شاری دەربەندیخان لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە. لە ئێستادا نیشتەجێی شاری سلێمانییە. مامۆستا سەردار لە ساڵی (١٩٨٨) ەوە دڵستی بە نووسینی هۆنراوە بۆ منداڵان کردووە. دانبەاوە درێژە بە نووسینی هۆنراوە و بە چالاکییە هونەرییەکانی منداڵانی کوردمان دەدات و خزمەتێکی بەرچاوی کردوون. مامۆستا سەردار قادر تا ئێستا پێنج نامیلکەی هۆنراوەی بۆ منداڵان چاپکردوون، ناوەکانیان (جۆزنان، گاڵسکەی باڵدار، بۆڵەمی کاغەزی، هەوری ژنیار، بوکە سورە). ئەوەی ئێمە لەم نووسینەماندا کردوومانتە تۆشوی باسکەمان (بوکە سورە)یە.
پەرتووکی (بوکە سورە) بریتییە لە (٢٥) هۆنراوە، لە هۆنراوەکانی مامۆستا سەردار، کە لە ساڵی پاردا (٢٠٢٢)، (١٠٠٠) دانەی لە چاپکردووە. کاک (ڕامان عەبدوڵا) دیزاینی بەرگی بوکە سورەی کردووە. هەزانقان و چیرۆکنووس و ڕەمانووسی منداڵان، مامۆستا (ئەمین محەمەد) یش، پێشکیەکی پوخت و جوانی بۆ نووسیوە.

مامۆستا سەردار قادر بە زمانێکی کوردی پەتی و شیرین و سووک و ئاسان و ڕەوان، بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی هۆنراوەکانی هۆنیونەتەوە، ریتم و کێش و سەروای هۆنراوەکانیش هیچ گیری و گریوگۆڵکیان تێدا نییە. زۆر بە ئاسانی و ساکاری هۆنراوەکانی داشتوون. منداڵان دەتوانن بە ئاسانی چۆنێکی زۆریان لەبەربگرن و بە ئاسانی لەبەریان بکەن و بە دەنگ و ئاواز و گۆرانییەوە بیانچڕن. مامۆستا سەردار، ئیلهام و بیرکەکانی هۆنراوەکانی، لە ژیانی منداڵانی کورد و لە ژینگەی دەوروبەریان و لە سروشتی جوان و ڕەنگین و قەشەنگی کوردستانەوە بەهاتوون. هۆنراوەکانی ناو پەرتووکی "بوکە سورە" گەلێ بابەتی هەمەچەشنەیان لەخۆگرتوون، ئەمانە ناونیشانی هۆندێ لە هۆنراوەکانین: (مەڕوی ئاوریشم، هەور، باران، باوک، نەورۆز، هەنگ، باخچەکەم، قوتابخانەکەم، بوکەکەم، دایک، چەلەکە، پەپوولە، بوکە سورە، گوڵفرۆش،

هەنجیر،... هتد).
وەکو نموونە، تەنیا دووان لە هەنراوەکانی مامۆستا سەردار قادر بە خوێنەران دەنووسین. مامۆستا سەردار، لە جیاتی نوقڵ و گەز، چەپکە هەنراوی نوێی شیرین و ناسکی بە جۆزانە پێشکەش بە منداڵانی کوردمان دەکات. نووسیوێتی:

وەرن جۆزانانم پێیە
شیعرێکی خۆش و نوێیە
جۆزانانەکەم شیرینە
دڵی نوقڵ و هەنگوینە
چەپکە شیعری ناسکن
لە خونچەی بەهار دەچن
وەک گوڵاڵی منداڵ
بزە دەخەنە ناو ماڵ
بە ئاوازی خۆش دەدوێ
پڕ لە گەرانی نوێ
وەک پەرسیلەی بەهارێ
ئای چەند مەزر و ئاودارێ
پێشکەشە بە ئێوەی دڵپاک
منداڵی ژیر و چالاک

لە هەنرای (بوکێ سورە). بوکێ سورە ناوی باڵندەیەکی پڕ ڕەنگینی جوان و دەنگ خۆشە، لە جۆرەکانی چۆلەکە و شالوورە (بلبل) ە. لەم هەنراوەیدا بوکێ سورە بە زمانی کوردی خۆی بە منداڵانی کورد دەناسێنێت. منداڵان تا تەمەنی پێنج ساڵان، خەیاڵین و باوڕیان بوونی دەکەن کە ئازاد و باڵندە، وەکو مرۆڤ، دەتوانن بڕۆ زمانی بیانووێت قسە بکەن. مامۆستا سەردار، نووسیوێتی:

بوکێ سورەم ڕەنگ ڕەنگم
خۆشەن ئاواز و دەنگم
کلکم ڕەش و سپییە
سەریشم قاوەییە
سەر باڵکانم زەردە
ناخم سپی و بگەردە
هاوڕێی کەناری و قومریم
لە دەشت و هەردا دەژیم
گەردنم ڕەنگی سورە
دەنگم وەکو شالوورە
کە بە ئازادی دەفڕم

بەرەو ئاسمان بـــــــاڵ دەگـــــــــرم

رەزا شوان
نەرویج: ٢٠٢٣

فیستیڤاڵی سانەی قوتابخانە و باخچەکان و چەند سەرنجێک..
نوسینی: عەلی حەمەڕەشید

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن..

AliHamaRashidDownload

نوێژی شەو.. دەکەش قادر

لە نوێژی مەغریبی ئەمەدا
نزام کرد
جەنزرگەی خەیاڵ و ژوانم
هەوەو هەژئاوا بێ
هەوەو نیگای تۆ بێ.
دوێ ئێوارێ
خەیاڵم لای ئەو ڤەیسە بوو
کە لە نوێژی عەسردا دەستنوێژی شکاندم.
سەرمخستە سەر باڵی چەپی
قژی ئاڵاسکاوم
شانە دەکەم و
دڵی تۆزی دەکەم لە خەم
خەم دەکەم بە شاباڵی نوێژی شەو.

دوێ بەیانی
کە هەستام
چاوی خەیاڵی تە لەسەر سینەم کایەی دەکرد و
هەیدەگەفیم.
هەموو نوێژەکانم دەژەنە نەو
پێکی تەنیایییتەوە
خەم لە ڕقی ئەو نەوەساندە دادبەم کە شەوان دەژەنە نەو عەتری
جەنگ.
عەتری تە کایەکردنی منداڵی منە لەسەر خیابانە
کە دەچێتەوە نەو دەی سلەمانیی و
گەیژە دەکاتە جوانترین بووکی سپیپۆشی دنیای زستان.
عەتری نوێژ و
عەتری من دوانێیکی دانەبەاون لە نیگای تە
نیگای تە نوێژی نیوەی شەوە لە گریانی منداڵی.
تە خونەاوی سەر گوەگەنمی گیانمی
ئیحساسم تژی دەکەی لە سروەی بەیان.

سلەمانیی
دەکەش قادر
•